# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار
**حەمەسەعید حەسەن**

سەرنووسەر:
**پ.د. کاروان عومەر قادر**
بەڕێوەبەری نووسین:
**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:
- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر کەریم**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-
- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالْح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەدزادە**

http;//gov.krd/ka    ISSN: 2520-4106    **هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# ڕۆڵ و هەڵوێستی مافناسانی کوردی باشوور بەرامبەر پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستان (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١-١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣)

م. فارس لەتیف یەحیا
زانکۆی سۆران/فاکەڵتیی ئاداب
faris.yahya@soran.edu.iq

پ ی. د. شاخەوان عەبدوڵا سابیر
زانکۆی سۆران/فاکەڵتیی ئاداب
Shakhawan.sabir@soran.edu.iq

**پوختە:**
توێژینەوە لە بارەی ڕۆڵ و هەڵوێستی مافناسانی کورد دەربارەی شۆڕشی کورد لە ئەیلوولی (١٩٦١-١٩٦٣)دا بایەخی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە ڕۆڵ و هەڵوێستی مافناسان لە ماوەی سەرهەڵدانی شۆڕش لە لێکۆڵینەوەیەکدا بخرێتە ڕوو.

گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کاتێک شۆڕش لە کوردستان هەڵگیرسا، کاردانەوەی توێژێکی گرنگی بەئاگای ناو کۆمەڵگەی کوردی لە باشووری کوردستان کە مافناسانن؛ بەرامبەر شۆڕشەکە و هەوڵە بەردەوامەکانیان بەرامبەر پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستان بەدیار بخرێت، ڕۆڵ و کاریگەرییان لە کۆی ڕووداوەکانی شۆڕش بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی شیکاری و کرۆنۆلۆجی بەکار هاتووە، بە سوودوەرگرتن لە زانیاریی ناو سەرچاوەکان و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ڕووداوەکان بە پێی کرۆنۆلۆژیای مێژوویی و تۆمارکردنی ڕووداوەکان لە سەر بنەمای ڕێبازی زانستی مێژوویی؛ ڕۆڵ و هەڵوێستی مافناسانی کورد لە پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٦٣)دا خراوەتە ڕوو.

کلیلەوشەکان: مافناسان، جووڵانەوەی هۆزەکان، مستەفا بارزانی، شۆڕشی باشووری کوردستان، کۆماری عێراق

**پێشەکی**

قوتابخانەی ماف لە عێراق کە لە ساڵی ١٩٠٨دا دامەزراوە، لە ساڵی (١٩٢٨)یش کرایە کۆلێژی ماف، مەڵبەندێکی گرنگی پێگەیاندنی پسپۆڕی پێویست بووە لە بوارەکانی داد و کارگێڕی، لە هەمان کاتدا ببووە مەڵبەندی گردبوونەوەی ئاڕاستە سیاسییەکان. بێگومان زۆرینەی زۆری مافناسی کوردی لە ماوەی ساڵانی (١٩٦١-١٩٦٣)دا کە بەشداری کایەی سیاسی و سەربازی بوون؛ لە دەرچووانی کۆلێژی مافی بەغدا بوون، ڕۆڵ و کاریگەریی دیاریان هەبووە لە خزمەتکردن بە بزاڤی سیاسی و کاری پارتایەتی لە باشووری کوردستان، ئەمەش لە ڕێگا و کەناڵی جۆراوجۆرەوە، لەوانە: بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و تێکەڵبوون بە ڕووداو و پەرەسەندنە سیاسییەکان لە ڕێگای کۆمەڵە و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان، نەخشیان بەسەر کایە سیاسییەکەوە بە ڕوونی دیارە، پڕۆژەیان خستووەتە بەردەم حکومەتی کۆماری بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەڵواسراوەکان. ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی "هەڵوێستی مافناسانی کورد بەرامبەر پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستان (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١-١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣)، باس لە خەباتی سیاسیی توێژێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، ئەویش مافناس و پارێزەرانی کوردن کە خەباتیان لە سەردەمێکی گرنگ و پڕ لە ڕووداوی سیاسی و سەربازی لە باشووری کوردستان دەست پێ کردووە، بە تایبەتی قۆناغی تێکچوونی پەیوەندیی مستەفا بارزانی و پارتی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم (١٩١٤-١٩٦٣)، بەرپابوونی جووڵانەوەی هۆزە کوردییەکانی ناوچەکانی سلێمانی و پشدەر و بیتوێن بە هۆی ڕاگەیاندنی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی، دواتر سەرهەڵدانی جووڵانەوەی هۆزە کوردییەکان بەرەو جووڵانەوەیەکی چەکداریی سەرتاپاگیریی دژی حکومەتی کۆماری عێراقی لە ساڵی ١٩٦١دا هەنگاوی نا.

پرسیاری توێژینەوە: ئایا فاکتەر و پاڵنەرەکانی بەشداریی مافناسانی لە شۆڕشی کورددا بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ مافناسانی کورد تا چەند توانیویانە لە ڕێگای خەباتی سیاسییەوە مافی گەلی کورد بخەنە چوارچێوەیەکی یاسایی لە ڕووی یاساوە؟

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بەدیارخستنی ڕۆڵ و هەڵوێستی هەندێک لە مافناسانی کوردە لە ماوەی ساڵانی (١٩٦١-١٩٦٣) لە کوردستانی عێراقدا، بە تایبەتی لە کاتی ڕووداو و پەرەسەندنی پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستاندا، دەستپێکردنی جووڵانەوەی چەکداریی کورد لە باشووری کوردستان کە ڕۆڵ و کاریگەریی دیار و بەرچاویان لە ڕووداوەکاندا هەبووە.

توێژینەوەکە لە دەروازە و دوو تەوەری سەرەکی پێک هاتووە، لە دەروازەدا بە ناونیشانی "هەڵوێستی مافناسانی کورد بەرامبەر بارودۆخی سیاسیی کوردستان لە پێش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٩٦١"دا، تیشک دەخاتە سەر هەڵوێستی مافناسانی کورد بەرامبەر ڕاپەڕینی هۆزەکانی کورد لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم تاوەکوو هەڵگیرسانی شۆڕشی ساڵی ١٩٦١، کاتێک سەرۆکهۆزەکانی ناوچەکانی سلێمانی و پشدەر و ڕانیە و چەند ناوچەیەکی تر دژی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند، ئەمەش بە هۆکارێک لە هەڵگیرساندنی شۆڕش دانراوە. تەوەری یەکەمی بە ناونیشانی "ڕۆڵی مافناسانی کورد لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی کورد (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١-٣١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢)" لە بارەی ڕۆڵی مافناسانی کورد لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول دەدوێت و ڕۆڵیان لە پێشخستن و فراوانکردنی پانتایی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، بەرەو پێشبردنی پەیوەندییە سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسییەکانیان دەخاتە ڕوو. لە تەوەری دووەم و کۆتاییشدا "ڕۆڵ و هەڵوێستی مافناسانی کورد لە گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتیی کورد و سەرانی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣- ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣)"، باس لە ڕۆڵی مافناسانی کورد لە دانوستانەکانی نێوان کورد و سەرانی کودەتای ٨ی شوبات دەکات، لەگەڵ ئەو بەربەستانەی لە بەردەم مافناسانی کورد هەبوو لە دانوستانەکاندا.

دەروازە: هەڵوێستی مافناسانی کورد بەرامبەر بارودۆخی سیاسیی کوردستان لە پێش هەڵگیرساندنی شۆڕشی (١٩٦١) دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز، بە هۆکاری ڕاگەیاندنی پڕۆژەیاسای چاکسازیی کشتوکاڵی لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٥٨ (جریدة الوقائع العراقیة، العدد ٤٤، ٣٠ ایلول ١٩٥٨) کە بە

پێی یاسایەکە خاوەنداریەتیی زەویی کشتوکاڵی بەشێکی بۆ دیاری کراو و باجیش خرایە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان، بەشێکی زۆری ئاغا و دەرەبەگەکانی کوردستان ئەو پرۆژەیان بە مەترسی لە سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانی، هەر زوو ناڕەزاییان بەرامبەر یاساکە دەربڕی (شمیدت، ٢٠٠٨، ١٥١)، حزبی شیوعییش خۆی بە خاوەنی یاسایەکە دەزانی، بە توندی هەوڵی جێبەجێکردنی دەدا. لە لایەکی تریشەوە دەوڵەتی ئێران هانی بەگ و ئاغایەکانی کوردستانی دەدا بۆ ئەوەی دژی پرۆژەیاسایەکە بوەستنەوە، کێشە بۆ کۆماری عێراق دروست بێت. ئاغایەکان بە هاندانی ئێران تەگەرەیان دەخستە بەردەم جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی و لە هەندێک شوێن ئازاری جووتیارەکانیان دەدا. پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەگەڵ چارەسەری ئاشتییانەی پرسەکەدا بووە. عومەر مستەفا ناسراو بە "دەبابە"[١]؛ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی، هەوڵی زۆری دەدا کێشەی زەوی لە نێوان جووتیار و ئاغایەکان بە لێکتێگەیشتن و گفتوگۆوە چارەسەر ببێت، بەڵام دیارە ئەو بارودۆخە پەشێویی زۆری بەخۆیەوە بینی. لە کاتی جێبەجێکردنی یاسایەکە لە هەندێک ناوچە پێکدادان لە نێوان ئاغایەکان و جووتیارەکاندا ڕووی دا و شیوعییەکانیش ڕۆڵیان هەبووە لە دروستبوونی ئاڵۆزی. هەندێک جاریش لەو شوێنانەی شیوعییەکانی تیایدا باڵا دەست بوون، لەگەڵ لایەنگر و هەوادارانی پارتی کێشەیان لە نێواندا دروست دەبوو، چەندین جار هەوادارانی پارتییان سزا دەدا یان زیندانیان دەکردن، بە بیانووی پاڵپشتیکردن لە دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکان، هەروەها خەڵکیان زیندانی دەکرد بە بیانووی بەربەست دروستکردن بۆ یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی (بۆتانی، ١٩٩٨، ٣٣٦).

ئەم بارودۆخە لە حوزەیرانی ١٩٦١دا هۆزە کوردییەکانی گەیاندە سەر بیری ناردنی شاند بۆ لای سەرۆکوەزیران (عومەر، ٢٠٢١، ٦٨). لە شاری بەغدا چاویان بە مەسعوود محەمەدی پارێزەر (١٩١٩-٢٠٠٢)[٢] کەوتووە، ناوبراو دەبێتە داکۆکیکاری مافەکانیان، داوای لێ کردن داخوازییەکانیان بێلایەنانە یەک بخەن و دوور لە حزبایەتی ئاراستەی قاسمی بکەن. زۆرینەشیان سەرۆکعەشیرەتەکانی ناوچەکانی ڕانیە و پشدەر و کۆیە بوون (محەمەد، ٢٠١٦، ٥٢٥؛ شەریف، ب١، ٢٠١٨، ٣٧٧)، لەوانە عەباسی مامەند ئاغا و شێخ حسێنی حاجی سەید گوڵ و ئەنوەری ڕەشید بەگ و سمایل سوارئاغا. مەسعوود محەمەد داواکارییەکانی شاندی سەرۆکخێڵەکان دەنووسێتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: "ژوورەکەی من لە ئوتێلی تروکادیرۆ بووبووە ژووری عەمەلیاتی عەسکەری، هەر لەو ژوورە و بە خەت و ئینشای منیش عەرەزەیەکی شکل مەزبەتی بۆ زەعیم نووسرا" (محەمەد، ٢٠١٦، ٥٢٥-٥٢٦). لە داوکارییەکانیاندا سکاڵایان لە خراپیی بارودۆخیان، ئەو دەستدرێژییانەی لێیان کراوە، لەگەڵ پشتگوێخستنیان لە لایەن حکومەتەوە کردبوو، لە هەمان کاتدا داوای هەمواری یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیان کردبوو، لەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە سەرۆکهۆزەکان بە جۆرێک تەواوی کارەکانیان سەربەخۆ بێت. بەڵام ئەو سەرۆکهۆزانە نەیانتوانی عەبدولکەریم قاسم ببینن، چونکە ناوبراو داوای کردبوو هەر سەرۆکهۆزە و بە جیا ببینێت، ئەندامانی شاندەکەش ئەو پێشنیارەی قاسمیان ڕەت کردەوە و ئامادە نەبوون هەریەکە بە تەنیا کۆبوونەوە لەگەڵ ناوبراودا بکات (محەمەد، ٢٠١٦، ٢٢٦). لەبەر ئەوە داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکرا، یاسای چاکسازی هەموار نەکرا، دواتر حکومەت لە ساڵی ١٩٦١دا باجی زەوییشی خستە سەر جووتیاران (عومەر، ٢٠٢١، ٦٧ ). سەرۆکهۆزەکان و خاوەنزەوییەکانیش ئامادە نەبوون باجی زەوی بدەنە حکومەت، قاسمیش لە لای خۆیەوە ئامادە نەبوو هەمواری یاسایەکە بکات، بەو هەڵوێستەی هەردوو لا بارودۆخ زیاتر ئاڵۆز بوو. مەسعود محەمەدیش بەردەوام بوو لە هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەی خاوەن زەوییەکان، لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ سەرۆکهۆزەکان و هانی دەدان بۆ نەپچڕاندنی پەیوەندییان لەگەڵ حکومەت (شەریف، ب١، ٢٠١٩، ٣٧٨).

ئەوەی تێبینی دەکرێت هەر چەندە مەسعوود محەمەد سەرکەوتوو نەبووە لە نزیککردنەوەی سەرۆکهۆزەکان لەگەڵ قاسم، بەڵام بەردەوام هەوڵی داوە کێشەی خاوەنزەوییەکان و سەرۆکهۆزەکان چارەسەر بکات. بە مەبەستی خستنەڕووی کێشەکەیان چەند جارێک چاوی

بــە عەبدولکەریــم قاســم کەوتبــوو، لەوانــە لــە هاوینــی ١٩٦١دا مەســعوود محەمــەد چــاوی بــە عەبدولکەریــم قاســم دەکەوێــت، لــە گفتوگۆیەکــی چــوار کاتژمێریــدا ســەبارەت بــە بابەتــی گرنگــی پەیوەســت بــە چارەســەری کێشــەی کــورد و مافــی گەلــی کــورد دواون، دواتــر داواکاریــی کێشــەکانی ســەرۆکخێڵەکانی نــاڕازی خراوەتــە بــەردەم ســەرۆکوەزیران، بــە تایبەتــی بابەتــی چاکســازیی کشــتوکاڵ و باجــی زەوی و یاســای تەســویە. بــە بیانــووی خراپیــی بارودۆخــی کوردســتان، مەســعوود محەمــەد داوای دواخســتنی جێبەجێکردنــی ئــەو یاســایانەی لــە کوردســتان کــردووە، چونکــە ناوبــراو پێــی وا بــووە جێبەجێکردنــی یاســاکە ئاڵــۆزی و ململانێــی لــە ناوچەکــە لــێ دەکەوێتــەوە، بــەڵام قاســم قســەکانی مەســعوود محەمــەد پەســەند نــاکات بــە بیانــووی ئــەوەی بڕیارەکــە دەرچــووە و بووەتــە یاســا و ناکرێــت لێــی پاشــگەز ببێتــەوە (حەمــەد، ٢٠١٦، ٥٣٤-٥٣٥؛ العامري، ٢٠٠٨، ١٦٥). لــە وەڵامــدا مەســعوود محەمــەد بــە قاســمی گووتــووە: "**یــا زەعیــم، قانــوون قورئــان نییــە لــە ئاســمانەوە باریبــێ، قانوونــت دانــاوە بــۆ چاکــەی خەڵــق کــە چــاک نەبــوو تەعدیلــی بکــە، بیگــۆڕە، لەغــوی بکــە. گوتــی بــە پێــی بــاوەڕت کێــن ئــەو کەســانەی قانوونــی وەهــا پێشــنیاز دەکــەن بــۆ وەزارەتــی بەرپرســی کاری ئەوتۆیــی، گوتــم وەک بزانــم کەســانی ئەوتــۆن بــە پێــی بــاوەڕی سیاســییان لەناوبردنــی خــاوەن زەوی ئەوپــەڕی پیاوچاکییــە**" (محەمــەد، ٢٠١٦، ٥٣٥).

جێــگای باســە هەوڵدانــی مەســعوود محەمــەد بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەی خاوەنزەوییــەکان لــە لایــەک لــە گۆشــەنیگای هاوســۆزی لەگــەڵ ئاغایــەکان و خــاوەن زەوییــەکان ســەرچاوە دەگرێــت، کــە پێــی وا بــووە ســتەم لــە خاوەنزەوییــەکان دەکرێــت، هــەر چەنــدە خۆیشــی ئەندامــی لیژنــەی نووســینەوەی یاســای چاکســازی بــووە، لــە لایەکــی تــر ڕوونەدانــی پشــێوی و ئاڵۆزنەبوونــی بــارودۆخ لــە ناوچەکــەدا لــە لای ناوبــراو گرنــگ بــووە.

جێــگای باســە دوای کۆبوونــەوەی مەســعوود محەمــەد لەگــەڵ عەبدولکەریــم قاســم بــۆ پشــتگیریکردنی لــە ســەرۆکهۆزەکان، وای کــرد ئاڕاســتە چەپــەکان بــە تایبەتــی حزبــی شــیوعیی لێــی درودۆنــگ بــن و لــە ڕۆژنامەکانــی خۆشــیان هەڵوێســتیان بەرامبــەری وەرگرتبــوو. مەســعوود محەمــەد ڕووبــەڕووی ڕەخنــەی تونــدی چەپــەکان دەبێتــەوە، بــەوە تاوانبــاری دەکــەن کــە هاوهەڵوێســتە لەگــەڵ کۆنەپەرســت و دەرەبەگەکانــی کوردســتان. پێیــان وا بــووە ناوبــراو لــە لایــەک بانگەشــەی هــزری نەتەوەیــی پێشــکەوتوو دەکات، لــە لایەکــی دی لەگــەڵ هــزری کۆنەپەرســت و دەرەبــەگ و چینــی ئۆرســتۆکراتی هاوهەڵوێســتە (العامــري، ٢٠٠٨،١٥٨ ).

لــە لایەکــی تــر لــە ســەروبەندی دەســتپێکردنی بزووتنــەوەی چەکــداری لــە کوردســتان، مەســعوود محەمــەد هەوڵێکــی زۆری خســتە گــەڕ بــۆ ئــەوەی شــەڕ لــە کوردســتان ڕوو نــەدات. تەنیــا ماوەیەکــی کــەم پێــش تێکچوونــی بارودۆخــی کوردســتان، مەســعوود مەحمــەد زۆرتریــن هەوڵــی داوە بــۆ پێشــگرتن لــە هەڵگیرســاندنی شــەڕ، بــۆ ئــەم مەبەســتەش چەندیــن جــار لــە بەغــدا لەگــەڵ گەورەبەرپرســانی حکومەتــی کۆمــاری کــۆ بووەتــەوە، جەختــی لــە ســەر چارەســەرکردنی کێشــەکە بــە ڕێــگای گفتوگــۆ کردووەتــەوە، دەســەڵاتدارانی عێراقیــش ئامادەگییــان دەربڕیــوە بــۆ پاڵپشــتیی هەوڵەکانــی، بــۆ ئــەو مەبەســتەش لــە بەغــداوە ســەردانی کوردســتانی کــردووە. لــە ١ی ئەیلوولــی ١٩٦١ لەگــەڵ ســەرۆکهۆزەکانی ناوچەکــە لــە ڕانیــە کــۆ بووەتــەوە، پێــی ڕاگەیانــدوون هیــچ کردەوەیەکــی ســەربازی ئەنجــام نــەدەن، چونکــە لــە هەوڵــی بەردەوامدایــە لەگــەڵ حکومەتــی عێــراق بــە مەبەســتی دۆزینــەوەی چارەســەرێکی ئاشــتییانە. هــەر بــۆ چارەســەری کێشــەی ئاغایــەکان و گیروگرفتەکانــی بەردەوامیــان، لــە دوای کۆبوونــەوەی ڕانیــە جارێکــی تــر گەڕاوەتــەوە بەغــدا چــاوی بــە گەورەبەرپرســانی عێــراق کەوتووەتــەوە، لەگــەڵ ئەحمــەد ســاڵح ئەلعەبــدی دادوەری گشــتیی ســەربازی کــۆ بووەتــەوە، ئەنجامــی کۆبوونەوەکــەی ڕانیــەی بــۆ شــی کردووەتــەوە، هــەردوو لاش ئامادەگییــان دەربڕیــوە بــۆ پێشکەشــکردنی پرۆژەیــەک بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکان، بــەڵام لــەو ســەروبەندەدا قاســم فەرمانــی دەســتگیرکردنی ســەرۆکهۆز و ئاغایەکانی ناوچەکانــی پشــدەر و ڕانیــە و کۆیــە دەردەکات، لــە ئەنجامــدا هەوڵەکانــی مەسعوود محمــەد بــێ ئەنجام مایــەوە و شــەڕ لــە کوردســتان دەســتی پــێ کــرد (شــەریف، ب١، ٢٠١٧، ٣٨٠-٣٨١).

مایـەی ئاماژەبۆکردنــە کاتێــک ســەرۆکهۆزەکان لــە مانگــی ئەیلوولــی ١٩٦١ هێزیــان کــۆ کــردەوە لــە ناوچەکانــی خەلــەکان و دووکان و دەربەنــدی بازیــان، بڕیاریــان دا جووڵانەوەیەکــی چەکــداری دژی حکومەتــی عێراقــی بەرپــا بکــەن، بــۆ ئــەم مەبەســتەش هەوڵیــان دا ڕێــگای نێــوان ســلێمانی و ڕانیــە دەستبەســەردا بگــرن تاوەکــوو ڕێــگا بــە هێزەکانــی میــری نەدرێــت هاتوچــۆی پێــدا بکــەن[٣]. پارتــی هەڵوێســتی خــۆی لــەم بارەیــەوە خســتە ڕوو، کۆمیتــەی ناوەنــدی لــە ماڵــی ئیبراهیــم ئەحمــەد لــە بەغــدا کــۆ دەبێتــەوە. بابەتــی ســەرەکیی کۆبوونەوەکــە وەرگرتنــی هەڵوێســت بــووە دەربــارەی جووڵانــەوەی هــۆزەکان، ڕای زۆرینــەی ئامادەبــووی کۆبوونەوەکــە لەگــەڵ جووڵانەوەکــە نەبــووە، ئــەو بیروبۆچوونــەی دژی جووڵانەوەکــە بــووە لــە نــاو پارتــی ئیبراهیــم ئەحمــەد ســەرکردایەتیی کــردووە، پێیــان وا بــووە ناکرێــت پشــتگیریی جووڵانەوەکــە بکرێــت، واشــی بــۆ چــووە ئاغایــەکان دژی یاســای چاکســازین و بــە هاندانــی بێگانــە جووڵانەوەکەیــان دەســت پــێ کــردووە، بۆیــە وای بــە بــاش زانیــوە پارتــی تێکــەڵ بــە جووڵانەوەکــە نەکرێــت، بــەڵام هەریــەک لە مافناسـان جـەلال تاڵەبانـی و عومـەر مستەفا هـەر چەنــدە پێیــان وا بــووە هەڵگیرســاندنی جووڵانەوەکــە کارێکــی خراپــە و بــە پلانــی وڵاتانــی ئیســتیعماری بەرپــا کــراوە، بــەڵام پێیــان وا بــووە کــە ناکرێــت دوورەپەرێــز بــن لــە جووڵانەوەکــە، چونکــە ترســیان هەبــووە لــەو ڕووداو و پێشــهاتانەی ڕوو دەدەن پارتــی لــە جەمــاوەر دابــڕێــت و بکەوێتــە پەراوێــز و شــۆڕش هەڵبگیرســێت و دەرەبــەگ و ئاغایــەکان ســەرکردایەتیی شــۆڕش بکــەن، هــەر چەنــدە ئەوانیــش مــل بــۆ ڕای زۆرینــە دەدەن. بڕیــاری کۆبوونــەوەی کۆمیتــەی ناوەنــدی پەســەند دەکــەن، هــەر بــۆ ئــەم مەبەســتەش مەکتەبــی سیاســی؛ جــەلال تاڵەبانــی و عومــەر مســتەفا ڕادەســپێرن نامەیــەک بگەیەنێتــە مســتەفا بارزانــی لــە بــارزان (عەزیــز، ١٩٩٥، ٢٨؛ ڕەشــید، ب١، ٢٠١٩، ١٧٥).

جــەلال تاڵەبانــی لــە ســەرەتادا جووڵانــەوەی ســەرۆکخێڵەکانی وەک پیلانــی دەســتی ئیســتیعمار زانیــوە (ڕەشــید، ب١، ٢٠١٩، ١٥٨)، واشــی بــۆ چــووە مســتەفا بارزانــی هەڵوێســتی ئەوانــی (مەکتەبــی سیاســی) کــە دژی جووڵانــەوەی هــۆزەکان بــووە پــێ ناخــۆش بــووە، هەروەهــا جــەلال تاڵەبانــی هەندێــک لــە مافناســان بــە ڕاســتڕەو دادەنێــت، چونکــە پاڵپشــتی جووڵانــەوەی ســەرۆکهۆزەکان بــوون. وەک دەڵێــت: "زەیــد ئەحمــەد عوســمان و مەســعوود محمــەد و کاکــە حەمــەی خانەقــا، ئەوانــە هەموویــان بــە بیروبــاوەڕ ڕاســتڕەو بــوون و هەندێکێشــیان کۆنەنائیبــی نــووری ســەعید بــوون وەک کاکــە حەمــە (مافنــاس) و کاکــە زیــاد، لەبــەر ئــەوە ئێمــە بــە چاوێکــی گومانــەوە تەماشــای ئــەو مەســەلەیەمان ئەکــرد" (ڕەشــید، ب١، ٢٠١٩، ١٥٨- ١٥٩). جێگای ئاماژەبۆکردنـە بـەر لـەوەی جـەلال تاڵەبانـی سـەردانی بــارزان بــکات، لەگــەڵ خێڵــە چەکــدارەکان کــۆ دەبێتــەوە، هەمــوو هەوڵــی ئــەوە بــووە کــە دەســتبەرداری جووڵانەوەکــە بــن، چونکــە جووڵانەوەکــەی لــە لا پەســەند نەبــووە، بــەڵام دیــارە ســەرۆکخێڵ و ئاغایــەکان و هێزەکانیــان بــە هیــچ جۆرێــک ئامــادە نەبــوون کۆتایــی بــە جووڵانەوەکەیــان بهێنــن. ئــەوەی جــەلال تاڵەبانــی توانیــی لەگــەڵ ئــەو ســەرۆکخێڵانەی بــکات، تەنهــا ڕاگرتنــی جموجۆڵــی ســەربازی بــووە بــۆ مــاوەی چەنــد ڕۆژێــک (پشــدەری، ٢٠٠٧، ١٦). تاوەکــوو جــەلال تاڵەبانــی بــە هاوەڵــی عومــەر مســتەفا دەچنــە بــارزان و نامــەی مەکتەبــی سیاســی پارتــی ســەبارەت بــە جووڵانەوەکــە بــە بارزانــی دەگەیەنــن، ڕای ئەویــش وەردەگــرن (خۆشــناو، ٢٠١٢، ٢٥٣). دوای وەرگرتنــی ڕای بارزانــی و گەڕانــەوەی جــەلال تاڵەبانــی بــۆ نــاو خێڵــە چەکــدارەکان، ڕایگەیانــد بارزانــی لەگــەڵ جووڵانەوەکــەدا نییــە و بــە هیــچ جۆرێــک پەســەندی نــاکات، چونکــە لــە ئێســتادا کــورد هیــچ پشــتیوانییەکی دەرەکیــی نییــە. بۆیــە بارزانــی پێــی بــاش بــووە قســەکانی جــەلال تاڵەبانیــان وەرنەگــرت و پێیــان وا بــووە ڕای تایبەتی خــۆی بــووە نــەک بارزانــی، بۆیــەش بڕوایــان پێــی نەکــردووە (پشــدەری، ٢٠٠٧، ١٦). تێبینــی دەکرێــت بۆچوونــی ســەرۆکخێڵەکان لــە شــوێنی خــۆی بــووە، چونکــە بارزانــی پێــی بــاش بــووە ئــەو جووڵانەوەیــە پــەرە بســەنێت و لــەو کاتەشــدا حکومــەت بــە ناچــاری داوای یارمەتــی لــەوان دەکات بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەی جووڵانــەوەی خێڵــەکان (ڕەشــید، ب١، ٢٠١٩، ١٧٤). شــایانی باســە جــەلال تاڵەبانــی هــەر خــۆی دانەبڕانــدووە لــە جووڵانــەوە خێڵەکییەکــە، بــە هاوەڵــی عەبــدوڵا پشــدەری (١٩٢٢- ) بــە نــاو خێــڵ و هۆزەکانــی ناوچــەی ســلێمانی و

شارەزوور و پێنجوێندا گەڕاوە، هانی داون چەک هەڵگرن و لە کاتی تەنگانەدا ڕووبەڕووی هێزەکانی حکومەتی عێراق ببنەوە، بەشداریی جووڵانەوەی هۆزەکان بکەن (پشدەری، ٢٠٠٧، ١٧-٢٠). هەر لە سەر ئەم بنەمایە، جەلال تاڵەبانی باوەڕی وا بووە جووڵانەوەی خێڵە چەکدارەکان لە ناوچەکانی "سلێمانی و پشدەر و ڕانیە" بە ڕاسپادەی مستەفا بارزانی بووە، بۆ فشارخستنەسەر عەبدولکەریم قاسم، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی و بارزانی هێور بکرێتەوە (ڕەشید، ب١، ٢٠١٩، ١٨٠؛ ئەحمەد، ٢٠٠٩، ١٧١). ئەوەی جێگای هەڵوەستەلەسەرکردنە، گەڕان و هاندانی جەلال تاڵەبانی بە ناو سەرۆک و خێڵ و ئاغاکاندا دەکرێت لەبەر هۆکاری ئەوە بێت بارودۆخ لە ژێر هەژموونی پارتیدا بهێنێتەوە و هەر چەندە وەکوو باسمان کرد مەکتەبی سیاسیی پارتی دژی ئەوە بووە پارتی تێکەڵ بەو جووڵانەوەیە ببێت، ڕای مستەفا بارزانییش ئەوە بووە جووڵانەوە ئەنجام بدرێت و وەکوو فشارێک بۆ سەر حکومەت تاوەکوو ناچاری جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد بێت. گفتوگۆ لەگەڵ پارتی و خودی مستەفا بارزانی دەکات.

مایەی ئاماژەیە هەڵوێستی مافناسانی کورد دەربارەی جووڵانەوەکە بە هەمان شێوەی سەرکردایەتیی پارتی دابەشی دوو بۆچوونی جیاواز بووە. هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی و عومەر مستەفا پێیان وابووە ناکرێت پارتی پاڵپشتی لەم جووڵانەوەیە نەکات، چونکە مەترسیی ئەوەیان هەبووە بەم هۆیەوە پارتی لە جەماوەر دابڕێت، ئەوان پێیان وا بووە ئەو جووڵانەوەیە تەنها پەیوەندیی بە سەرۆکهۆزەکانەوە نییە، بەڵکوو ئەوان سۆزی خەڵکیان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە، بەو پێیەی جووڵانەوەکە بەرهەڵستیی حکومەتی عێراقی دەکات، لە هەمان کاتدا بارزانییشیان لەگەڵدایە، لەبەر ئەم هۆکارە ڕایان وا بووە پارتی کاروباری جووڵانەوەکە بگرێتە دەست (ڕەشید، ٢٠١٩، ب١، ١٧٥). لێرەشدا عەونی یوسف لەبەر ئەوەی وەزیری کار و نیشتەجێکردن بووە لە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمدا، لە زۆربەی پێشهات و ڕووداوەکاندا هەڵوێست و بۆچوونەکانی یەکانگیر بووە لەگەڵ حکومەتی عێراقی، لەم وێستگەیەشدا بە هەمان شێوە هەڵوێستی دژی جووڵانەوەی هۆزەکان بووە، دواتریش بە تەواوەتی خۆی لە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کشاندەوە (خۆشناو، ٢٠١٢، ٢٣٤).

لە هەولێریش پارتی کۆمەڵێک چەکداری لە شاخی سەفین حەشار دابوو، ئەمەش بۆ دوو مەبەست بووە، یەکەمیان زۆربەی چەکدارەکان لە ترسی گرتنیان لە لایەن حکومەتەوە خۆیان لە چیاکەدا حەشار دابوو، هۆکاری دووەمیش ئەگەر سەرۆک هۆز و خێڵەکان دەستیان بە جووڵانەوە دژی حکومەت کرد؛ پارتی وەکوو دەرچەیەک لەو کەناڵەوە بتوانێت لە جووڵانەوەکە دانەبڕێت و هەژموونی خۆی بەسەردا بسەپێنێت. تێبینییش دەکرێت لەبەر دەستەبەرنەکردنی چەک و خۆراک و جلوبەرگی پێویست؛ کۆمەڵە چەکدارەکەی شاخی سەفین لە بارودۆخێکی سەختدا بوون، ئەو هێزەش لە لایەن هەریەک لە عەبدوڵا ئیسماعیل (١٩٢٧-٢٠٠٠) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و شەمسەدین موفتی (١٩٢٣-٢٠١٢)[٤] ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی ناوەندی پارتی سەرپەرشتی کراون (عەریف سلێمان، ١٩٩٩، ٩١-٩٤).

لە ئەنجامی ئەم جووڵانەوەیەدا عەبدولکەریم قاسم فەرمانی بە "عەبدولهادی ساڵحی" پارێزگاری سلێمانی کرد گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکخێڵەکاندا بکات و بۆ ئەوەی گوێبیستی داواکارییەکانیان بێت. ناوبراو لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٦١ لە دۆڵی خەلەکان لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا گفتوگۆ و دانوستاندنی لەگەڵ سەرۆکهۆزەکاندا کرد، لەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆکهۆزەکان چەند داواکارییەکیان دابووە پارێزگار کە تایبەت بوون بە زەوی و یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی. لەو کۆبوونەوەیەشدا عومەر مستەفا ئامادەیی هەبووە، بە پارێزگار دەڵێت: "ئێمە بەو داوایانە ڕازی نیین، چونکە ئەم داوایە بێناوەرۆکانە هیچ سوودێکیان بۆ گەلی کورد تێدا نییە، هەمووی بۆ سوودی چەند ئەشخاصێکە و بەس" (پشدەری، ٢٠٠٧، ٢٢)، وەڵامی پارێزگار بۆ عومەر مستەفا ئەوە بووە کە ئەو وەکوو پارێزگاری سلێمانی ڕانەسپێردراوە گفتوگۆ لەگەڵ پارتی بکات و تەنها بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکهۆزەکانی سلێمانی هاتووە (پشدەری، ٢٠٠٧، ٢٢).

**تــەوەری یەکــەم: ڕۆڵــی مافناســانی کــورد لــە هەڵگیرســاندنی شۆڕشــی کــورد (١١ی ئەیلوولــی ١٩٦١-٣١ی تشرینــی دووەم ١٩٦٢)**

دوای شۆڕشــی ١٤ی تەممــووز، وەرچەرخانێکــی گــەورە لــە بارودۆخــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی لــە عێــراق ڕووی دا، ئەمــەش لــە بەرژەوەندیــی زۆربــەی گەلانــی عێــراق بــووە، بــەڵام ئــەو بارودۆخــە ماوەیەکــی کورتــی خایانــد. بەشــێکی زۆری بەندەکانــی دەســتوور نەچوونــە بــواری جێبەجێکردنــەوە، بــە تایبەتــی بەنــدی ســێیەمی دەســتوور کــە بــاس لــە هاوبەشــیی عــەرەب و کــورد دەکات لــە عێــراق. دوای ڕووداوەکانــی کەرکــووک کــە لــە یەکەمیــن ســاڵیادی شۆڕشــی چــواردەی تەممــووز لــە ١٤-١٦ی تەمــووزی ١٩٥٩دا، عەبدولکەریــم قاســم لــە هێــزە دیموکراتییەکانــی عێــراق دوور کەوتــەوە، ڕەهەنــدە ســتراتیژییەکانی شۆڕشــی پشــتگوێ خســت و ئامانجاکانــی شۆڕشــی ١٤ی تەممــووزی لەیــاد خــۆی بــردەوە، هەنــگاوی بــەرەو قۆناغــی دیکتاتــۆری نــا، بەمــەش قۆناغێکــی هەســتیار لــە دۆخــی سیاســیی عێــراق دەســتی پــێ کــرد و بــووە ســەرەتایەک بــۆ ســەرهەڵدانی ململانێــی سیاســی و پەرەســەندنی توندوتیــژی لــە نێــوان پێکهاتــە و توێــژە جۆراوجۆرەکانــی کۆمەڵگــەی عێــراق. عەبدولکەریــم قاســم ڕێــگای نانــەوەی پشــێوی و لێکترازانــی هەندێــک لــە هێــزەکانی گرتــە بــەر و بــە تایبەتــی هــەردوو لایەنــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و حزبــی شــیوعیی عێــراق، لــەوەش زیاتــر پشــتگیریی حــزب و گرووپــە ڕاســترەوەکانی کــرد و ئومێــدی لــە ســەر هەڵچنیــن، بەمــەش قۆناغێکــی نــوێ لــە گــرژی و ناکۆکــی لــە نێــوان کــورد و عەبدولکەریــم قاســمدا دەســتی پــێ کــرد[٥].

پەیوەندییەکانــی کــورد و حکومەتــی قاسم لــە ســەرەتای ســاڵی (١٩٦٠)ەوە بــەرەو ئاڵــۆزی دەچــوو، کاتێــك عەبدولکەریــم قاســم لــە هەمــوو داخوازییەکانــی کــورد پاشــگەز بــووەوە، لــە لای خۆشــیەوە کــورد پێداگــری لــە ســەر داخوازییەکانــی کــردەوە، لــە بەرامبــەردا حکومەتیــش کۆمەڵێــک بڕیــار و ڕێوشــوێنی تونــدی گرتــە بــەر، ئــەم هەنگاوانــەش ئەوەنــدەی تــر زەمینــەی تێکچوونــی پەیوەندییەکانــی نێوانیانــی ڕەخســاند، لەوانــە هەوڵــدان بــۆ ڕێگریکــردن لــە کۆنگــرەی دووەمــی مامۆســتایان کــە بڕیــار بــوو لــە شــەقڵاوە ببەســترێت، هەروەهــا عەبدولکەریــم قاســم کەوتــە شــێواندنی مێــژوو و ڕەچەڵەکــی وشــەی کــوردی، لەگــەڵ گرتنەبــەری کۆمەڵێــک هەنــگاو و ڕێوشــوێنی تــر، ئەوەنــدەی تــر پەیوەندییەکانــی نێــوان کــورد و حکومەتــی تێــک دا[٦]. هەروەهــا عەبدولکەریــم قاســم بانگهێشــتی زۆر لــە ســەرۆکهۆزەکانی کــرد و هانــی دان دژی پارتــی و مســتەفا بارزانــی هەڵوێســت وەربگــرن و لــەم ســۆنگەیەوەش ناوبــراو بــۆ ڕاکێشــانی هــۆزە کوردییــەکان بــە تایبەتــی ئەوانــەی کێشــەی مێژینەیــان لەگــەڵ بارزانییــەکان هەبــووە، خــۆی لێیــان نزیــک کردنــەوە، بــە تایبەتــی هۆزەکانــی "زێبــاری و برادۆســت". هەروەهــا فەتــاح شــاڵیی ڕاســپارد بچێتــە نــاو هــۆزە کوردییەکانــەوە تاوەکــوو بانگەشــەی ئــەوە بــکات ئەگــەر بچنــە لای قاســم و لایەنگریــی بکــەن و دژی بارزانــی بوەســتنەوە، ئــەوا حکومــەت باجــی زەوییــان لــە ســەر هەڵدەگرێــت، ئــەم بانگەشــەیەش کاریگەریــی لــە ســەر هەندێــک لــە دەرەبەگــەکان دانــا و لایەنگریــی خۆیــان بــۆ عەبدولکەریــم قاســم دەربــڕی (نەبــەز، ٢٠٠٧، ١٣٥-١٣٧).

لــە ئەنجامــی تێکچوونــی پەیوەندییەکانــی پارتــی و قاســم بــە تایبەتــی دوای گەڕانــەوەی مســتەفا بارزانــی لــە ١٣ی کانوونــی دووەمــی ١٩٦١ لــە یەکێتیــی ســۆڤیەت، بارزانــی لــە ســەرەتای مانگــی ئــازاری ١٩٦١ لــە بەغــداوە گەڕایــەوە بــارزان (بــادی، ٢٠٠٨، ٢١٠)، بــارەگای مەکتەبــی سیاســیی پارتییــش دەگوازرێتــەوە ســلێمانی، لــە مانگــی ئەیلوولیــش دەگوازرێتــەوە دەرەوەی شــار و لــە گونــدی "عــەودالان"ی نزیــک شــاری ســلێمانی (مەجیــد، ٢٠١٣، ١٣٨).

لــە ســەرەتای ئەیلــوولی ١٩٦١دا شۆڕشــی ئەیلــوول بــە کــرداری دەســتی پــێ کــرد، بــەڵام پارتــی بــە فەرمــی شۆڕشــی ڕانەگەیاندبــوو، تاوەکــوو بەســتنی کۆبوونــەوەی ٢٥-٣٠ ی کانوونــی ١٩٦١ لــە گونــدی عــەودالان (عــەولان)[٧] لــە نزیــک شــاری ســلێمانی، ئەمــەش یەکەمیــن کۆبوونــەوەی ســەرکردایەتیی پارتــی بــوو لــە دەرەوەی شــارەکان ببەســترێت، کــە زۆربــەی ئەندامانــی کۆمیتــەی ناوەنــدی تیایــدا بەشــدار بــوون، لــەو مافناســانەی بەشــداری کۆبوونەوەکــە بــوون: هەریەکــە لــە (ئیبراهیــم ئەحمــەد، جــەلال تاڵەبانــی، عومــەر مســتەفا، شەمســەدین موفتــی) بــوون (ســلێمان، ١٩٩٩، ١٩٨-٢٠٢). لــە کۆبوونەوەکــەدا بــە فەرمــی لــە لایــەن

پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بڕیاری دەستپێکردنی خەباتی چەکداری دەدرێت (ڕەشید، ب١، ٢٠١٩، ١٨٣)، ئەو کۆبوونەوەیەش دوای وەرگرتنی ڕای بارزانی ئەنجام درا و کاتێک جەلال تاڵەبانی لە کۆتایی مانگی ئەیلوول جارێکی تر چاوی بە بارزانی کەوت و بڕیاری جاڕدانی شۆڕش درا، کەواتە شۆڕش بە بڕیاری سەرۆک و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی هەڵگیرساوە (جەلال، ٢٠٢١، ١١٦-١١٧).

سەبارەت بە بڕیاری دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لە کوردستان، ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت: "بڵاومان کردەوە کە ئەو شەڕەی ئێمە دەیکەین، شەڕی پەلاماردان نییە، بەڵکوو شەڕی خۆپاراستن و داکۆکیکردنە" (عەزیز، ١٩٩٥، ٣٢)، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕێکخستنەکانی پارتی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان خۆیان ساز و ئامادە بکەن بۆ ئەوەی بەشدار بن لە شۆڕشی کوردستان، ئەوەی ڕاستی بێت بەر لەو بڕیارەش لە ژێر ڕێنوێنیی بارزانی لە هەندێک شوێن ڕێکخستن و هێزەکانی پارتی دەستیان بە چالاکیی نواندن کردبوو، لە زۆر شوێن هێزی چەکداری دروست کرابووە و ئامادەکاری دەست پێ کرابوو (عەزیز، ١٩٩٥، ٣٣).

لە دوای هەڵگیرساندنی شۆڕش لە لایەن پارتیەوە، هێزی پێشمەرگە توانیی پانتاییەکی فراوانی جوگرافیای کوردستان بخاتە ژێر دەستی خۆی، ئەوەش بووە متمانەی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی کوردی، بەشێک لە مافناسانیش ڕۆڵ و هەڵوێستیان دیار و بەرچاو بووە، لەوانە هەندێکیان هەر خۆیان بزوێنەری بەشێک لە ڕووداوەکان بوون، بڕوای تەواویان بە شۆڕشی چەکداری هەبووە، پێیان وا بووە بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیەکانی کورد تەنها لە ڕێگەی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕییەوە دەستەبەر دەکرێت، لەوانە هەریەک لە جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا و شەمسەدین موفتی لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕش سەرپەرشتیی هێزە سەرەتایەکانی شۆڕشیان کردووە، بە تایبەتی لە ناوچەکانی سلێمانی و پشدەر و خۆشناوەتی ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەبووە، هەروەکوو دواتر هەندێک لەو مافناسانە دەبنە فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە و چەندین چالاکیی سەربازی دژی هێزەکانی حکومەت بەئەنجام دەگەیەنن، لەوانە لە کۆی سێ هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکانی سلێمانی و دەوروبەری، هێزی "ڕزگاری" لە ژێر سەرپەرشتیی جەلال تاڵەبانیدا، هێزی "کاوە" بە سەرپەرشتیی عومەر مستەفا بووە (جەلال، ٢٠٢١، ١١٩).

ئەو هێزانەی ئاماژەیان پێ کراوە چەندین چالاکیی سەربازییان دژ بە حکومەت ئەنجام داوە، زیانێکی زۆری گیانی و ماددیان پێ گەیاندووە، یەکێک لەو چالاکییانەی جەلال تاڵەبانی ڕاستەوخۆ لە سەر داوای خۆی سەرپەرشتیی کردووە، لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦١، لە ڕێگای نێوان هەولێر و کۆیە ئەنجامی دا، توانرا دەست بەسەر (٣٠) هەزار دینار لە پارەی دامودەزگایەکانی کۆیە بگیرێ، لەو پارەیەش (١٠) هەزار دیناری بۆ بارزانی لە بادینان دەنێردرێت، (١٠) هەزار دینار بۆ مەکتەبی سیاسی دادەنرێت و (١٠) هەزار دیناری تر بە سەر پێشمەرگەدا دابەش دەکرێت، هەروەها خەرجی و پێداویستییەکانی پێشمەرگەشی لێ دابین دەکرێت، ئەمەش تا ڕادەیەک هۆکارێک دەبێت بۆ بووژانەوەی هێزەکان (ڕەشید، ب١، ٢٠١٩، ١٨٥-١٨٦؛ سلێمان، ١٩٩٩، ٢٠٥- ٢٠١٠).

سەبارەت بە هەڵوێستی مافناسانی کورد لە ناو ڕیزەکانی حزبی شیوعی لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول، لەوانە هەڵوێستی پارێزەر موکەڕەم تاڵەبانی هەڵوێستێکی نیشتمانی بووە، لە سەر بنەمای بەدیهێنانی ئاشتی لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراق و بەهێزکردنی برایەتیی کورد و عەرەب بووە، بۆ ئەم مەبەستەش هەر چەندە شەڕ لە نێوان حکومەتی کۆماری و کورد دەستی پێ کردبوو، کاری سیاسیی پارتی لە بەغدا پچڕاندبوو، بەڵام مافناس موکەڕەم تاڵەبانی چەند جارێک هەوڵی داوە سەردانی مستەفا بارزانی بکات، بە مەبەستی بەدواداچوون لە سەر پەرەسەندنی کێشەی کورد، بە تایبەتی دوای سەرهەڵدانی گرژییەکان لە نێوان قاسم و بارزانیدا، بە مەبەستی هۆشداریدان بە هەردوو لایەن لە سەر مەترسییە دەرەکییەکانی سەر کۆماری عێراق و سەربەخۆیی وڵات، کۆتاییهێنان بە پیلانگێڕییە ناوخۆییەکان بۆ

دەستەبەرکردنی ئاشتی و چەسپاندنی دیموکراسیەت، لە بارەی ئەم جموجۆڵانە، موکەڕەم تاڵەبانی لە ژێر چاودێریی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا بووە، بە گوێرەی نووسراوێکی پۆلیسی بەغدا کە لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٦١دا بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی کەرکووک ئاراستە کراوە، تێیدا دادوەری لێکۆڵینەوە فەرمانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی داوە بۆ پشکنینی ماڵی گومانلێکراوێک (کە مەبەستی موکەڕەم تاڵەبانییە). لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ڕاپۆرتێکی گرنگی حزبی شیوعی دۆزراوەتەوە (وەرگیراوە لە: الربيعي، ٢٠١٨، ١٨١). لە لایەکی ترەوە موکەڕەم تاڵەبانی بە هۆی پیشەکەی کە پشکنەری گشتی لە چاکسازیی کشتوکاڵی بووە، هەوڵی داوە دەرفەت لە بۆنەکان وەربگرێت بە قۆستنەوەی پیشەکەی بۆ بڵاوکردنەوەی بیری حزبی شیوعی و زیادکردنی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە ناو جووتیارەکاندا دژی چینی دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکان، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی کەرکووک و شارۆچکەکانی دەوروبەری کردووە (الربيعي، ٢٠١٨، ١٨١-١٨٢).

بە هۆی تێکچوونی بارودۆخی کوردستان و ناکۆکیی نێوان قاسم و بارزانی، هێرشە سەربازییەکانی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦١دا، حزبی شیوعیی عێراقی هەڵوێستی فەرمیی خۆی لە بەیاننامەیەکدا ڕاگەیاند. لە ناوەرۆکی بەیاننامەکەدا داوای ڕاوەستانی شەڕی لە کوردستان و جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کوردی کردووە، بۆ ئەوەی بگات بە مافی چارەی خۆنووسین. لە ژێر کاریگەریی بەیاننامەکەی حزبی شیوعیی عێراقیدا هەڵمەتێکی فراوانی واژوو کۆکردنەوە دەستی پێ کرد، بیرخەرەوەیەک پێشکەش بە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم کرا، لە ناوەرۆکی بیرخەرەوەکەدا داوای وەستانی شەڕ و بەدیهێنانی ئاشتی لە کوردستان بە زووترین کات کراوە، تەنیا لە ڕۆژانی یەکەم زیاد لە بیست هەزار کەس واژووی بیرخەرەوەکەیان کردووە کە ناوی چەندین کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی ناسراو و ڕۆشنبیران و چالاکوانەکانی سەندیکایەکان هەبووە. لە ناو ئەو کەسایەتییانەی واژووی بیرخەرەوەکەی کردووە، ناوی هەریەک لە مافناسانی کورد موکەڕەم تاڵەبانی و فایەق هۆشیار هاتووە (الطالباني، ٢٠٢٣، ٢٥٢- ٢٥٣)، ئەمەش وای لە حکومەتی قاسم کردووە کاردانەوەی هەبێت، بەشێک لە فەرمانبەرانی دەوڵەت بە بیانووی واژووکردن لە یاداشتەکەدا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات، بەم هۆیەوەش بە فەرمانی قاسم، موکەڕەم تاڵەبانی ڕەوانەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی سەر بە دادگای گشتیی سەربازی کراوە. لە لێکۆڵینەوەکەدا چەندین پرسیاری ئاڕاستە کراوە، لەبەر ئەوەی لە کاتێکدا فەرمانبەری باڵادەستی حکومەت بووە بەوەی پشکنەری گشتی بووە، واژووی لە سەر بەیاننامەکە کردووە، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە بڕیار دراوە ماوەی شەش مانگ تاوەکوو پێنج ساڵ سزای زیندانیی بۆ دەربکرێ، بەڵام دواتر سزاکەی لە سەر جێبەجێ نەکراوە (الطالباني ٢٠٢٣، ٢٥٣-٢٥٤). لە ڕاستیدا هەر چەندە موکەڕەم تاڵەبانی هەوڵی داوە ئاشتی لە کوردستان بێتە دی، پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و کورد لە سەر بنەمای دابینکردنی مافی گەلی کورد بێت لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوو، بەڵام لەبەر گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی حکومەتی عێراقی نەیتوانیوە سەردانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش بکات، بۆیەش چاوی بە سەرکردەکانی شۆڕش نەکەوتووە، هەڵوێستی تەنها لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی بەیاننامە واژووکردن بووە.

شایانی باسە پێدەچێت لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵ موکەڕەم تاڵەبانی کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەری نەبووبێت، بە بەڵگەی ئەوەی لە ١ی ئایاری ١٩٦٢دا بەیانێکی بڵاو کردووەتەوە بە ناونیشانی "نداء إحلال السلام في كردستان - بانگەوازی بەرقەراربوونی ئاشتی لە کوردستان" کە لە لایەن کۆمەڵێک کەسایەتیی ڕۆشنبیری کورد و عەرەب و پێکهاتەکانی تر واژوو کراوە. لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەدواداچوونی ئەو ڕووداوانە دەکەن لە کوردستان ڕوو دەدەن و گەلی کورد ڕووبەڕووی ستەم و کوشتن دەبێتەوە. لە بەیاننامەکەدا داوای چارەسەری قەیرانی کوردستانی دەکرد، ئەویش لە ڕێگای دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقدا. بەیاننامەکە پشتگیریی لە هەموو دەستپێشخەرێکی هێزە نشتیمانییەکان کردووە،

بــە مەبەســتی هێنانەدیــی ئاشــتی بــە ڕێــگای گفتوگــۆ و دانوســتاندن (الربیعــي، ٢٠١٨، ١٨٢-١٨٣)[٨]. جێــی ئاماژەیــە دوای ئـەو لێکۆڵینەوەیـەش موکـەڕەم تاڵەبانـی هـەر بـەردەوام بـووە لـە هەوڵـدان بـۆ بەدیهێنانـی ئاشـتی لـە وڵات و داوای چارەســەری پرســی کــوردی بــە شــێوەی ئاشــتی کــردووە (الربیعــي، ٢٠١٨، ١٨٣).

بــە هاتنــی ســاڵی ١٩٦٢، چالاکییــە سیاســییەکانی پارتــی و خەباتـی چەکـداری لـە کوردسـتان چڕتـر بونـەوە، ئەمـەش وای کـرد چیـن و توێـژە جۆراوجۆرەکانـی کوردسـتان زیاتـر بـەرەو پیـری پارتـی و شۆڕشـە چەکدارییەکـەی بچـن. لـەو چالاکییـە سـەربازی و سیاسـییانەش مافناسـانی کـورد ڕۆڵێکـی گرنگیـان هەبـووە، بـە تایبەتـی لـە ناوچـەی سـلێمانی و بیتوێـن و پشـدەر کـە هەریەکـە لـە جـەلال تاڵەبانـی و عومـەر مسـتەفا سەرپەرشـتیی چەنـد چالاکییەکـی سـەربازییان کـردووە. لـەم بارەیـەوە جـەلال تاڵەبانـی ئامـاژە بـە هەندێـک لـەو شـەڕانە دەکات کـە خـۆی سەرپەرشـتیی کـردوون، لەوانـە گرنگتریـن چالاکییەکانیـش ڕزگارکردنـی ناوچـەی شـارباژێڕ بـووە. لـە شـەوی ٢١ی ئـازاری ١٩٦٢دا، لـە هێرشـێکی فراوانـدا توانیویانـە دەسـت بەسـەر هەمـوو بنکەکانـی پۆلیسـی ناوچەکـەدا بگـرن، تەنیـا بنکـەی چوارتـا نەبێـت. بـە هـۆی ئـەم شەڕەشـەوە بەشـێکی زۆری چـەک و پێداویسـتیی سـەربازی دەکەوێتـە دەسـت پێشـمەرگە، هێزەکانـی حکومەتیـش ژمارەیـەک کـوژراو و بریندارـیـان دەبێـت (مەعـد فەیـاز، ٢٠٠٩، ١٧٢-١٧٣).

هەروەهـا جـەلال تاڵەبانـی سەرپەرشـتیی شـەڕەکانی ناوچـەی پێنجوێنـی کـردووە، ڕۆڵـی هەبـووە لـە ڕزگارکردنـی پێنجوێـن و دەوروبـەری. لـە دوای شـەڕی پێنجوێنیـش نەخشـەڕێگای دەستبەسـەرداگرتنی چەمـی ڕێـزان دادەنێـن و ئـەم شـەڕەش بـۆ مـاوەی چەنـد هەفتەیـەک بـەردەوام دەبێـت. هێزەکانـی پێشـمەرگە سـەرکەوتوو دەبـن لـە دەستبەسـەرداگرتنی چەمـی ڕێـزان و دەوروبـەری (مەعـد فەیـاز، ٢٠٠٩، ١٧٣)[٩].

مایـەی سـەرنجە مافنـاس عومـەر مسـتەفاش سـەرکردایەتیی هێزەکانـی پێشـمەرگەی هەمـوو ناوچەکانـی هەولێـر و سـۆران و خۆشــناوەتی کــردووە بــە نــاوی هێــزی کاوە و بــارەگای سـەرەکیی لـە بێتواتـە بـووە (جـەلال، ٢٠٢١، ١١٩-١٢١؛ ڕەشـید، ب١، ٢٠١٩، ١٩٠). هەروەهـا ناوبـراو لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٦٢دا گەڕانێکـی بـە ناوچـەی کۆیـەدا کـردووە، لەگـەڵ جووتیارەکانـی ناوچەکــەدا کــۆ بووەتــەوە، ئامانجــی شۆڕشــی بــۆ ڕوون کردنـەوە، دواتـر کۆنترۆڵـی کۆمپانیـای نەوتـی لـە گۆپتەپـە کـرد، چەنـد کەلوپەلێکـی کۆمپانیاکەشـی دەستبەسـەردا گـرت (کاکــی کاکان، ٢٠٠٢، ٢٦).

لــە ڕووی سیاسییشــەوە ســاڵی ١٩٦٢ قۆناغێکــی نــوێ بــوو بــۆ پارتــی و بزووتنــەوە چەکدارییەکــەی لــە باشــووری کوردســتان، ئــەوە بــوو پارتیــی ناوبــراو لــە ئــازاری ١٩٦٢ لـە بەیاننامەیەکـدا داوای لـە ڕێکخـراو و هێـزە نیشـتیمانییە عێراقییــەکان کــردووە بەرەیەکــی یەکگرتــوو پێــک بهێنــن بــە مەبەســتی ڕووخاندنــی ڕژێمــی قاســم و هەروەهــا پارتــی و مەکتەبسیاســییەکەی هەوڵیــان داوە حزبــی شــیوعی ڕازی بکـەن بـە بەشـداریکردن لـە شـۆڕشی ئەیلوولـدا، هـەر بۆیـەش پێشــنیازی یەکخســتنی هێزەکانــی هــەردوو لایــان بــۆی کـردووە بـۆ وەرگرتنـی جڵـەوی دەسـەڵات و دوورخسـتنەوەی عەبدولکەریــم قاســم، گەڕانــەوەی بارودۆخــی دیموکراتــی و بەدیهێنانــی مافــە نیشــتیمانییەکانی گەلانــی عێراقــی، بــەڵام شــیوعییەکان بــە پاســاوی پارســەنگنەبوونی هێزەکانیــان بــە بــەراورد لەگــەڵ هێزەکانــی دەســەڵات، پێشــنیازەکەیان پەسـەند نەکـردووە (خۆشـناو، ٢٠١٢، ٣٠٦-٣٠٧؛ سـاڵح، ٢٠٢١، ٥١٥-٥٢٥). دەربـارەی بەیاننامەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، هەروەکـوو ئیبراهیـم ئەحمـەد ئامـاژەی بـۆ دەکات کـە هەندێـک لـە مافناسـان ئـاگاداری دەرکردنـی بەیاننامـەکان بــوون، لــەم بارەیــەوە دەڵێــت: "کاک عومــەر... ئــاگادار و هـاوکاری هەمـوو ئـەو بڕیـار و بەیاننامانـە بـوو کـە پارتیـمان دەریدەکــرد" (نوورەدیــن، ٢٠٢١، ٤٣٨).

جێـگای ئاماژەیـە هاوتەریـب لەگـەڵ دەسـتپێکردنی خەباتـی چەکـداری، شۆڕشـی کـورد هەوڵـی داوە پەیوەنـدی لەگـەڵ وڵاتانــی دەوروبــەر دروســت بــکات بــۆ ئــەوەی وەکــوو دەروازەیــەک پشــتگیری بــۆ جووڵانــەوەی چەکداریــی کــورد دەسـتەبەر بکرێـت، ئـەوە بـوو بـۆ یەکـەم جـار پەیوەندیـی لەگـەڵ وڵاتـی ئێـران دروسـت کـرا، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لـە سـەرەتادا هەریـەک لـە عومـەر مسـتەفا و عەلـی عەسـکەری بـە نـاوی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی بـۆ وەرگرتنـی ڕای مستەفا بارزانــی ســەردانی ناوچــەی برادۆســت دەکــەن (پشــدەری،

٢٠٠٧، ١٤٠-١٤١). دوای سەردانی بارزانی، سەردانی وڵاتی ئێرانیان کردووە. هەر لە بانەوە پەیوەندییان لەگەڵ تارانەوە کردبوو. پاش هەفتەیەک داوا لە شاندەکەی پارتی دەکرێت ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری پارتی سەردانی شای ئێران بکات. سەرەتا ئیبراهیم ئەحمەد ئامادە نەبوو سەردانی ئێران بکات بۆ بینینی شا، بەڵام لەسەر داوای مستەفا بارزانی لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦٢دا سەردانی تاران دەکات. هەر چەندە لە سەردانەکەیدا ڕێگەی پێ نەدرا شای ئێران ببینێت، بەڵام ئەنجامی ئەو سەردانەی ئیبراهیم ئەحمەد هێنانی سەد هەزار دینار و ژمارەیەک چەک بووە بۆ هێزی پێشمەرگە. لەم بارەیەوە ناوبراو دەڵێت "بەڵام هەموو دەستکەوتەکەمان ئەوە بوو سەد هەزار دینارێک و ١٠-١٥ تفەنگیان داینێ، هەموویمان هێنا و بیست هەزارێکمان بۆ خۆمان لێ هەڵگرت و ئەوی دیکەشمان بۆ ئەوان نارد" (بۆ مستەفا بارزانی نارد - توێژەر) (عەزیز، ١٩٩٥، ٤٩).

هەروەها لە ٣ی تشرینی یەکەمی١٩٦٢ ، بە ڕەزامەندیی سەرۆک و مەکتەبی سیاسیی پارتی هەریەک لە عومەر مستەفا و شەمسەدین موفتی سەردانی تارانیان کردووە، لەگەڵ لێپرسراوانی ئەم وڵاتە گفتوگۆیان دەربارەی پەیوەندییەکانیان کردووە. بەرهەمی ئەو سەردانەیان دەستنیشانکردنی شەمسەدین موفتی بووە بە نوێنەری شۆڕش لە تاران (کاکی کاکان، ٢٠٠٢، ٢٦). لە دوای دانانی نوێنەری شۆڕشی کورد، قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و دەوڵەتی ئێران دەست پێ دەکات.

### تەوەری دووەم: ڕۆڵ و هەڵوێستی مافناسانی کورد لە گفتوگۆکانی نێوان کورد و سەرانی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ -١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣

ئەو سیاسەتەی عەبدولکەریم قاسم لە دەسەڵاتەکەیدا پیادەی دەکرد و عێراقی بە ڕووی دەرەوەدا گۆشەگیر کرد، لە ئاستی ناوخۆ هەڵستا بە هەڵوەشاندنەوەی هێزە دیموکراتی و نشتیمانییەکانی عێراق و نادیدەگرتنی پرسی کورد و چارەسەرنەکردنی بە شێوازی ئاشتییانە و دیموکراسی و بەکارهێنانی ڕێوشوێنی زەبروزەنگ و سەرکوتکردن، هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداریی کورد لە باشووری کوردستان، ئەمانە هەمووی بەیەکەوە کاریگەریی ئابووری و سەربازیی خراپیان لە سەر عێراق دانا، ئەمەش دەرفەتی بۆ حزبی بەعس و چەند ئەفسەرێکی نەتەوەیی ڕەخساند لە ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣دا لە ڕێگای کودەتایەکی سەربازییەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم بهێنن (محێدین، ٢٠٠٦، ١٢٣).

ئەوەی مایەی سەرنجە بەر لە ئەنجامدانی کودەتای ٨ی شوبات، حزبی بەعس پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردبوو، ئاگاداری پارتی کردووەتەوە لە ئەنجامدانی کودەتاکە، پارتییش بەمە ڕازی بووە، چووەتە قۆناغی گفتوگۆکردن لەگەڵ حزبی بەعس. ئەوەی تێبینی دەکرێت سەبارەت بە پەیوەندیکردنی سەرانی بەعس بەر لە ئەنجامدانی کودەتای بەعسییەکان، پارتی بە دوو ڕێگا لە لایەن سەرانی کودەتاوە ئاگادار کرابووەوە. بۆ یەکەمین جار لە ڕێگەی ئەفسەرێکی کورد بە ناوی کەریم قەرەنی ڕاسپێردراوی تاهیر یەحیاوە لە ١٩٦٢دا پەیوەندیی بە ئیبراهیم ئەحمەدەوە دەکرێت، پێیان ڕادەگەینرێت کە بەعسی و نەتەوەییەکان ئامادەکاری بۆ کودەتایەک دژی حکومەتەکەی قاسم دەکەن، داوای ئەو گرووپە لە پارتی ئەوە بووە هاوکارییان بکەن، لە هەمان کاتدا داوای کورد پێشکەش بە سەرانی کودەتایەکە بکرێت بە مەبەستی گفتوگۆکردن و ڕێککەوتن (ڕەشید، ب١، ٢٠١٩، ٢١٦). هەر بۆ ئەم مەبەستە ئیبراهیم ئەحمەد لە ١٨ی نیسانی ١٩٦٢دا لە نامەیەکیدا کە بۆ تاهیر یەحیا پاڵپشتیی پارتی بۆ ئەو کودەتایەی کە بڕیار بووە ئەنجام بدرێت دەربڕیوە، بە مەرجی دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد، کۆمەڵێک خاڵی گرنگ داوا کراون. لە نامەکەدا بە تاهیر یەحیا ڕادەگەیەنێت سیاسەتی پارتی لە سەر بنەمای پێکهێنانی حکومەتی ناوەندی دیموکراتی بووە بۆ عێراق کە نوێنەرانی کورد بە شێوەیەکی گونجاو بەشدار بن لەو حکومەتە دیموکراتییە و لەگەڵ دانان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد (محمد، ٢٠٠٦، ٦٩)، لەگەڵ دانانی مستەفا بارزانی بە حاکمی کوردستان (الخرسان، ٢٠٠١، ٩٩).

لـە لایەکـی تـرەوە عەلـی سـاڵح ئەلسـەعدی ڕاگـری گشـتیی سـەرکردایەتیی قوتـری حزبـی بەعـس لـە ڕێـگای فـواد عـارف (١٩١٣-٢٠١٠) پەیوەندیـی بـە سـاڵح یوسـفییەوە (١٩١٨-١٩٨١) دەکات کـە ئـەوکات بـە نهێنـی لـە بەغـدا بـووە، دەبـارەی قۆناغـی دوای کودەتایەکـە گفتوگـۆ لـە سـەر پرسـی کـورد دەکـەن و لـە سـەر کۆمەڵێـک خـاڵ ڕێـک دەکـەون (عـارف، ٢٠٢١، ٢٣١-٢٣٢)، کـە هەمـان داواکاریـی ئیبراهیـم ئەحمـەد و مەکتەبـی سیاسـی بـوون، لـە لایـەن سـاڵح یوسـفی پێشـکەش بـە سـەرانی بەعـس دەکرێنـەوە. جـەلال تاڵەبانـی لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: "سـاڵح یوسـفی هەمـان مەرجـی ئێمـەی پـێ گوتبوونـەوە کـە بریتـی بـوو لـە ئۆتۆنۆمـی و سـەلماندنی مافـی دیموکراتـی، هەروەهـا کاروبـاری کوردسـتان بدرێتـە دەسـت پارتـی و مـەلا مسـتەفاش بکرێـت بـە حاکمـی گشـتیی کوردسـتان" (ڕەشـید، ب١، ٢٠١٩، ٢١٦). بـەڵام ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت ئـەو ڕێککەوتنـە تەنهـا بەڵێـن بـووە و بـە شـێوەیەکی زارەکـی لـە سـەر هیـچ نووسراوێـک لـە نێـوان هـەردوو لا ڕێککەوتـن نەکـراوە، لـەم بارەیـەوە مافنـاس جەرجیـس فەتحـوڵا دەڵێـت: "لـە سـاڵح یوسـفی تێگەیشـتم ڕێککەوتنـی نـووسراو لەئـارادا نەبـوو، 'بەڵکـوو' تەنهـا ئـەوەی پێـی دەڵێـن 'ڕێککەوتنـی جەنتلمانـی'ی زارەکـی و چەنـد بەڵێنێکـی نادیـار بـووە" (بـادی، ٢٠٠٥، ١٢٤).

لـە ئابـی ١٩٦٢دا تاهیـر یەحیـا وەڵامـی سـەرکردایەتیی پارتـی دەداتـەوە بـە پەسـەندکردنی داواکارییەکانـی کـورد. داوای لـە پارتـی کـردووە نـاوی شـەش کەسـایەتی دیـاری بکـەن بـۆ دانـان بـە وەزیـر لـە حکومەتـی داهاتـووی عێراقـدا. دوای گفتوگـۆی نێـوان مەکتەبـی سیاسـی و مسـتەفا بارزانـی، هەریەکـە لـە جـەلال تاڵەبانی و بابـا عەلـی شـێخ مەحمـوود و فـواد عـارف و عەلـی عەسـکەری و عومـەر مسـتەفا و بەکـر عەبدولکەریمـی بـۆ پۆسـتی وەزیـری دیـاری کرابـوون (کاوس قفطـان، ٢٠٠٤، ٢١٣-٢١٤). لـە دەستنیشـانکردنی کاندیدانـی کـورد بـۆ پۆسـتی وەزیـر لـە حکومەتـی نوێـی عێراقـدا، جـەلال تاڵەبانـی ئاماژە بـە شـێوازی دەستنیشـانکردنیان دەکات کـە ڕای مسـتەفا بارزانییـان وەرگرتـووە. ناوبـراو پێشـنیازی هەریەکـە لـە عەلـی عەسـکەری و جـەلال تاڵەبانـی و بابـا عەلـی و فـواد عـارف و بەکـر عەبدولکەریمـی کـردووە (تاڵەبانـی نـاوی عومـەر مسـتەفا ناهێنێـت). لـەم بارەیـەوە جـەلال تاڵەبانـی دەڵێـت: "ئێمـە زۆرمـان تـکا لـێ کـرد کـە نـاوی مـن و عەلـی عەسـکەریی لـێ دەربهێنێـت، گوتـی: نەخێـر، ئیلـلا ئەبێـت ئێوەشـی تێـدا بـن" (ڕەشـید، ٢٠١٩، ب١، ٢١٠).

لـە ڕۆژی ڕوودانـی کودەتاکـەدا هـەر زوو سـاڵح یوسـفی ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی پارتـی لـە بەغـدا، بـە نـاوی شۆڕشـی کـورد برووسـکەی پیرۆزبایـی ئاڕاسـتەی سـەرانی کودەتایەکـە کـرد، (طالبانـي، المجلـد الثـاني، ٢٠١١، ٢٧٠). دەربـارەی برووسـکەکەی سـاڵح یوسـفی، جـەلال تاڵەبانـی پێـی وایـە ئـەم برووسـکەیە دوو خاڵـی نەرێنیـی هەبـووە، یەکەمیـان لەگـەڵ سیاسـەتی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی نەدەگونجـا، دووەمیـان بـووە هـۆی ئـەوەی ئەفسـەرە کوردەکانـی نـاو سـوپای عێـراق پشـتگیریی کودەتایەکـە بکـەن (ڕەشـید، ب١، ٢٠١٩، ٢١٧).

ئـەوەی مایـەی سـەرنجە سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کـورد دەربـارەی کودەتـای ٨ی شـوبات دوو هەڵوێسـتیان هەبـووە، هەڵوێسـتی یەکەمیـان لەگـەڵ ئـەوە بـوون هێـزی پێشـمەرگە دەرفـەت لەدەسـت نـەدات و دەسـت بەسـەر شـارەکاندا بگرێـت، بەردەوامـی بـە کـردەی سـەربازی بـدات، ئەمـە بیروبۆچوونـی مەکتەبـی سیاسـی بـوو کـە ئیبراهیـم ئەحمـەد سـەرکردایەتیی دەکـرد. هـەر بـۆ ئـەم مەبەسـتەش مەکتەبـی سیاسـی لـە برووسـکەیەکدا لـە ٨ی شـوبات هەڵوێسـتیان بـە مسـتەفا بارزانـی ڕادەگەیەنـن. بۆچوونێکـی تـر لـە نـاو پارتـی ئـەوە بـووە کـە سـەرۆکی پارتـی مسـتەفا بارزانـی و نوێنەرایەتـی وای بـۆ چـوون دەرفـەت بدرێـت بـە حکومەتـە تازەکـەی عێـراق، جـەلال تاڵەبانییـش پاڵپشـتیی ئـەو بۆچوونـەی کـردووە (ڕەشـید، ٢٠١٩، ب١، ٢١٨). دەربـارەی هـەردوو بۆچوونەکـە جـەلال تاڵەبانـی دەڵێـت: "منیـش پێـم وا بـوو ئـەو بۆچوونـەی مەکتەبـی سیاسـی عەمەلـی نییـە، قابیلـی جێبەجێکـردن نییـە، بـەڵام بـە ڕاسـتی دوایـی ڕووداوەکان دەریانخسـت ڕەئـی مەکتەبـی سیاسـی زۆر دووربینانـە و شۆڕشـگێڕانە بـوو" (ڕەشـید، ٢٠١٩، ب١، ٢١٨).

لـە دوای کودەتـای ٨ی شـوبات، قۆناغێکـی نـوێ لـە خەباتـی سیاسـیی مافناسـانی کـورد دەسـتی پـێ کـرد. لەگـەڵ ئـەوەی خەباتـی کـورد بـۆ ماوەیـەک چـووە قۆناغـی دیپلۆماسـی و

دانوستاندن لەگەڵ سەرانی بەعس و ئەفسەرە نەتەوەییەکانی عێراق، مافناسانی کوردیش ڕۆڵی دیار و بەرچاویان لە دانوستانەکانی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراق بینیوە. لە ١٠ی شوبات، ئیبراهیم ئەحمەد بە ناوی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە برووسکەیەکیدا پشتگیریی پارتی بۆ کودەتایەکە دەربڕی، جارێکی تر داوای جێبەجێکردنی مافەکانی گەلی کوردی لە عێراق دووپات کردەوە، جەختی لە مافی "ئۆتۆنۆمی" کردەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک داواکاریی تر وەکوو وەستاندنی شەڕ لە کوردستان و بەردانی گیراوەکان و گێڕانەوەی دوورخراوەکان و گەڕانەوەیان بۆ سەر کاری ڕابردوویان و بژاردنی زیانەکانیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە وێرانبووەکانی کوردستان، لەگەڵ ناردنی شاندێکی حکومەتی عێراق بۆ کوردستان بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد (ساڵح، ساڵح، ٢٠٢١، ٦٥٢).

بە مەبەستی دەستپێکردنی دانوستان، پارتی دیموکراتی کوردستان لە یەکەم هەنگاوی کردەییدا لە ١٨ی شوباتدا شاندێکی بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی و ئەندامێتیی ساڵح یوسفی ناردە بەغدا، شاندەکە گەورەبەرپرسانی حکومەتی نوێیان بینی، لەوانە: عەبدولسەلام عارف و ئەحمەد حەسەن بەکر و ساڵح مەهدی عەماش، داواکاریی پێدانی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردیان دووپات کردەوە (ڕەشید، ٢٠١٩، ب١، ٢١٩-٢٢٣). بەڵام بە بیانووی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی یەکێتیی عەرەبی لە نێوان عێراق و سووریا و میسر و هەنگاونان بۆ سەرخستنی یەکێتیی عەرەبی، بە شاندی کوردیان ڕاگەیاند هەر چەندە جەختیان لە ڕەوایەتیی داواکارییەکانیان کردبوو، بەڵام داوایان کردووە داواکانیان بۆ ماوەیەک دوا بخەن. هۆی پەسەندنەکردنی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە لایەن حکومەتی نوێی عێراقەوە ئەوە بوو حکومەت پێی وا بوو تاوەکوو چارەسەری پرسی یەکێتیی عەرەبی دەکرێت، ناکرێت چارەسەری پرسی کورد ڕابگەیەنرێت، هەروەکوو "دانا ئادەمز شمیدت" ئاماژە بە وتەیەکی میشێل عەفلەق (١٩١٠-١٩٨٩) یەکێک لە دامەزرێنەرانی حزبی بەعس لە سووریا دەکات و دەڵێت: "'میشێل عەفلەق' فەیلەسووف و بیرمەندی بەعسی لە بەغدا، پێی گوتووە ئەگەر 'یەکێتیی گەلانی عەرەبی' هاتە دی ئەوا داننان بە ئۆتۆنۆمیی کوردی ئاسانتر دەبێت" (شمیدت، ٢٠٠٨، ٤٣٠).

ئەوەی مایەی سەرنجە سەرکردایەتیی بەعس هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی و فواد عارفیان ڕازی کردبوو لەگەڵ ئەو شاندەی عێراق سەردانی میسر بکەن بە مەبەستی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی یەکێتیی نێوان وڵاتانی میسر و سووریا و عێراق، تاوەکوو ئەوانیش ڕای خۆیان لە سەر شێواز و چۆنیەتیی داواکردنی مافەکانی کورد بە جەمال عەبدولناسر بگەینن، بە بێ ئەوەی جەلال تاڵەبانی بگەڕێتەوە بۆ ڕای سەرۆکی پارتی مستەفا بارزانی ( بارزانی، ٢٠٠٤، ب٣، ١٠٥؛ جواد، ١٩٩٠، ٧٨). جەلال تاڵەبانی و فواد عارف لە سەردانەکەیاندا بە تایبەتی لەگەڵ جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر یەکتر دەبینن و لە کۆبوونەوەکەدا تاڵەبانی بە گشتی باسی بارودۆخی عێراق و برایەتیی لەمێژینەی کورد و عەرەب لەو وڵاتە دەکات، سەرنجی سەرۆکی میسر بۆ پرسی کورد ڕادەکێشێت و پێشنیازی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەکات، ئەو ئۆتۆنۆمییەی کورد داوای دەکات بۆی ڕوون دەکاتەوە، چەند نموونەیەکی وڵاتانی دەرەوە دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی لە عێراقیش پیادە بکرێت. بە پێی پێشنیازەکەی تاڵەبانی، کورد تەنها لە کاروباری ناوخۆیدا ڕۆڵی دەبێت، لە کاروباری سەروەریدا حکومەتی عێراقی دەسەڵاتدار دەبێت. پێشنیاری جەلال تاڵەبانی دەبێتە هۆی ئەوەی جەمال عەبدولناسر پرسی کوردی لە لا ڕوون و دیار بێت، بەڵێن بە شاندی کورد دەدات لێکۆڵینەوەی تەواو لە بابەتی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بکات، دواتر وەڵامیان بداتەوە (ڕەشید، ٢٠١٩،ب١، ٢٣١-٢٣٢). لە ڕاستیدا دوای ڕوونکردنەوەی جەلال تاڵەبانی، جەمال عەبدولناسر دژایەتیی خۆی بۆ هەر جۆرە جیاخوازییەک بە شاندی کوردی ڕاگەیاند، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پشتیوانی و لایەنگریی خۆی بۆ مافی گەلی کورد لە چوارچێوەی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە باشووری کوردستان دەربڕی (ڕەشید، ٢٠١٩، ٢٣٤؛ محێدین، ٢٠٠٦، ١٣٣-١٣٤).

هەر بە مەبەستی بەردەوامیدان بە گفتوگۆکردن لە بارەی پرسی کورد و داواکارییەکانی شاندێکی حکومەتی

عێـراق کـە پێـک هاتبـوو لـە هەریەکـە لـە تاهیـر یەحیـا، فـواد عـارف بابـا عەلـی شـێخ مەحمـوود و عەلـی حەیـدەر سـلێمان و عەبدولفەتـاح شـاڵی، لـە ٢ ئـازاری ١٩٦٣دا سـەردانی کوردسـتانیان کـرد، لـە گونـدی کانـی مـاران لـە ناوچـەی ڕانیـە لەگـەڵ نوێنەرانـی پارتـی و مسـتەفا بارزانـی گفتوگۆیـان کـرد. شـاندی عێراقـی پـڕۆژەی حکومەتـی عێراقیـان پێشـکەش کـرد، لـە پرۆژەکـەدا چارەسـەری دۆزی کـوردی لـە سـەر بنەمـای "نـا ناوەندێتـی" خسـتبووە ڕوو، بـەڵام بارزانـی بـە چارەسـەرییەکەی شـاندی عێراقـی ڕازی نەبـوو، داوای دەسـتەبەرکردنی ئۆتۆنۆمیـی بـۆ کـورد کردبـووو (محێدیـن، ٢٠١٢، ١٣٦). لـە دوای ئـەو شـاندە، شـاندێکی تـر لـە لایـەن حکومەتـی عیراقییـەوە نێردرایـە کوردسـتان و لـە ناوچـەی ڕانیـە و چوارقوڕنـە لـە لایـەن مسـتەفا بارزانـی و جـەلال تاڵەبانـی و عومـەر مسـتەفا و چەنـد سـەرکردەیەکی دیکـەی کـوردەوە پێشـوازییان لـێ کـراوە. مافنـاس زەیـد ئەحمـەد عوسـمان لـە نێـو ئەندامانـی شـاندی حکومـی بـووە، جارێکـی تـر تاوتوێـی پـڕۆژەی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد کرایـەوە کـە لـە لایـەن هەریەکـە لـە جـەلال تاڵەبانـی و عومـەر مسـتەفا و ئەفسـەری سـەربازی کافـی نەبـەوی ئامـادە کرابـوو (ڕەشـید،٢٠١٩، ب١، ٢٣٦).

لـە ئەنجامـی گفتوگۆیەکـی چـڕی نێـوان شـاندەکەی عێـراق و سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کـورد، بڕیـاری چوونـی شـاندێکی فراوانـی کـوردی بـۆ بەغـدا درا. مسـتەفا بارزانـی و مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی بڕیـاری بەسـتنی کۆنگرەیەکـی فراوانـی میللیـی سیاسـییان لـە کۆیـە دا (کـە نـاسراوە بـە کۆنگـرەی کۆیـە)[١٠]، لـە ڕۆژانـی ١٨-٢٢ی ئـازاری ١٩٦٣دا بەسـترا، بـە مەبەسـتی دانانـی پرۆژەیەکـی گشـتگیری هەمەلایەنـە و دەستنیشـانکردنی شـاندێکی فراوانـی کـورد بـۆ دانوسـتان و ڕێککەوتـن لەگـەڵ حکومەتـی تـازەی عێراقـدا. لـەم کۆنگرەیـەدا مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی و زۆربـەی ئەندامانـی کۆمیتـەی ناوەنـدی و لقەکانـی و سـەرکردەکانی پێشـمەرگە و کەسـایەتی و سـەرۆکهۆزەکان و چەنـد کەسـایەتییەکی دیـاری نشـتمانیی کوردسـتان و شـاندێکی تورکمانـی کەرکـووک[١١] و پێکهاتەکانـی ئایینـی لـە کوردسـتان بەشـدار بـوون (بارزانـی، ٢٠٠٤، ب٤، ١٠٨). ئامانجـی کۆنگـرەی کۆیـە وتوێژکـردن بـووە لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق و دیاریکردنـی داواکارییەکانـی گەلـی کوردسـتان، پێکهێنانـی شـاندی وتوێـژ لەگـەڵ حکومـەت (عەونـی، ٢٠١٦، ٦٩؛ دیـدار لەگـەڵ بەڕێـز کەمـال محێدیـن، ٢٠ی ئـازاری ٢٠٢٣ لـە هەولێـر).

شـایانی باسـە لـەم کۆنگرەیـەدا مافناسـانی کـورد هاوشـانی کەسـە دیـار و نیشـتمانییەکانی تـر ڕۆڵـی دیـار و کاریگەریـان لـە ئامادەکاریـی کۆنگرەکـە و دانانـی پرۆگرامـی کۆنگـرە و دیاریکردنـی شـاندی دانوسـتانکاری کۆنگـرە هەبـووە. ئـەو مافناسـە کوردانـەی بەشـداریی کۆنگرەیـان کـردووە، لەوانـە: جـەلال تاڵەبانی، عومـەر دەبابـە، ئیبراهیـم ئەحمـەد، سـکرتێر و ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی و کەمـال محێدیـن بەرپرسـی لێژنـەی ناوچـەی پارتـی لـە کۆیـە (عەونـی، ٢٠١٦، ٦٩؛ دیـدار لەگـەڵ بەڕێـز کەمـال محێدیـن، ٢٠ی ئـازاری ٢٠٢٣ لـە هەولێـر).

شـایانی ئاماژەیـە بـە پێشـنیازی مسـتەفا بارزانـی؛ جـەلال تاڵەبانـی دەبێتـە سەرپەرشـتی کۆبوونەوەکانـی کۆنگـرەی کۆیـە و هـەر لـە سـەر داوای ناوبراویـش دەکرێتـە سـەرۆکی شـاندی دانوسـتانکار (ڕەشـید، ٢٠١٩، ب١، ٢٣٧). لـە کۆنگرەکـەدا چـواردە کـەس هەڵبژێـردران وەک شـاندی دانوسـتکار، لـە کـۆی ئـەو چـواردە کەسـە ژمارەیـەک مافنـاس و پارێـزەری بەتوانـای تیـادا بـووە، لەوانـە هەریـەک لـە جـەلال تاڵەبانـی، مەسـعوود محەمـەد و حەبیـب محەمـەد کەریـم ئەندامانـی شـاندەکە بـوون (عەونـی، ٢٠١٩، ٧٣). لەگـەڵ ئـەوەی مەسـعوود محەمـەد بەشـداریی کۆنگرەکـەی کۆیـەی نەکـردووە، هـەر چەنـدە بـە ئەندامـی شـاندی دانوسـتانکاریش دەستنیشـان کـرا، ناوبـراو بـەر لـەوەی کۆنگـرەی کۆیـە ببەسـترێت کۆیـەی بـەرەو بەغـدا بەجـێ هێشـتووە، مەسـعوود محەمـەد ئامـاژەی بـە هـۆکاری ئامادەنەبوونـی لـە کۆنگـرەی کۆیـە کـردووە، بـەڵام ئامـاژەی بـە هیـچ هۆکارێکـی ئامادەنەبوونـی لـە گفتوگۆیـەکان نەکـردووە. ناوبـراو لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: "مـن لەبـەر گەلێـک هـۆی جـودا و هەمەچەشـنە ئومێـدم بێهێـز بـوو لـە ئیمکانـی گەیشـتن بـە لێکڕازیبوونـی حکومـەت و چەکـداران لەسـەر چارەیەکـی مامناوەنجـی. بـە ئانقەسـت خـۆم دوور خسـتەوە لـە کۆیـێ، هەتـا نەچمـە گێـژاوی هەڵسـەنگاندن و نرخانـدن و چەندوچۆنـی ئـەو مافانـەی بـۆ کـورد ڕەچـاو دەکـرێ" (محەمـەد، ٢٠١٦، ٥٨٢).

شـاندی کـوردی لـە٣٠ی ئـازاری ١٩٦٣ بـەرەو شـاری بەغـدا بـەڕێ کـەوت بـە مەبەسـتی ئەنجامدانـی گفتوگـۆ و دانوسـتاندنێکی گشـتگیر لـە سـەر کـۆی پرسـە گرنگەکانـی تایبـەت بـە پرسـی کـورد لەگـەڵ حکومەتـی تـازەی عێـراق (دیـدار لەگـەڵ بەڕێـز کەمـال محێدیـن، ٢٠ی ئـازاری ٢٠٢٣ لـە هەولێـر). شـاندەکە ١ی نیسـانی ١٩٦٣ یەکەمیـن کۆبوونـەوەی لەگـەڵ شـاندی عێـراق و پیاوماقوڵانـی عێراقـی ئەنجـام دا کـە حکومـەت ڕایسـپاردبوون بـۆ دانوسـتاندن، ئـەو شـاندەش هیـچ دەسـەڵاتێکیان نەبـووە، تەنهـا کاریـان نێوەندگیـری بـووە لـە نێـوان حکومـەت و شـاندی کـوردی، بۆیـە شـاندی کـورد پێداگرییـان لـە گفتوگـۆی ڕاسـتەوخۆ کـردووە لەگـەڵ شـاندی حکومـەت، تەنانـەت جـەلال تاڵەبانـی هەڕەشـەی گەڕانـەوەی شـاندەکەی بـۆ کوردسـتان کـردووە (جـواد، ١٩٩٠، ٩٤). جیـا لـەوەش، حکومەتیـش هیـچ پڕۆژەیەکـی چارەسـەری کێشـەی کـوردی نەخسـتە بـەردەم شـاندەکە، ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت ئـەو جـۆرە هەڵسـوکەوتەی حکومـەت لـە ئەنجامـی ئـەوە بـووە کـە داواکاریـی کـوردی پەسـەند نەبـووە، بـە تایبەتـی پرسـی پێدانـی ئۆتۆنۆمـی بـە کـورد (محێدیـن، ٢٠٠٤، ١٥٠؛ زکریـا، ٢٠٠٦، ١٠١). هـەر چەنـدە لـە گفتوگۆیـەکان لەگـەڵ حکومـەت لـە هەندێـک خـاڵ لەیەکترنزیکبوونـەوە هەبـووە، بـەڵام خاڵـی ناکۆکیـی نێـوان هـەردوو شـاند پرسـی دیاریکردنـی سـنور و پێدانـی ئۆتۆنۆمـی بـە کـورد بـووە (بارزانـی، ٢٠٠٤، ب٣، ١٠٩). لـە ڕۆژی ٢ی نیسـان، شـاندی کـوردی بـە سـەرۆکایەتیی جـەلال تاڵەبانـی کۆبوونەوەیەکـی ناوخۆیـان کـردووە، ئەنجامـی گفتوگۆیەکانـی و سـەردانیکردنیان بـۆ لای تاهیـر یەحیـای سـەرۆکی ئەرکانـی سـوپا خسـتە ڕوو، لـە کۆبوونەوەکـەدا تاوتوێـی بەیاننامـەی ١١ی ئـازاری ١٩٦٣ (بڕوانـە: بارزانـی، ٢٠٠٤، ب٣، ١٠٧)ی حکومەتـی عێراقـی کـرا کـە چارەسـەری کێشـەی کـوردی لـە سـەر بنەمـای ناناوەندێتـی خسـتبووە ڕوو. هـەر لـە کۆبوونەوەکـەدا بڕیاریـان دا لیژنەیـەک پێـک بهێنـن لـە ئەندامێتیی جـەلال تاڵەبانـی، مەسـعوود محەمـەد، شـێخ حسـێن خانەقـا، هاشـم عەقـراوی، محەمـەد سـەعید خەفـاف[١٢]. کاری لیژنەکـە پەیوەندیکـردن بـووە بـە بەرپرسـە باڵاکانـی حکومەتـەوە، ئـەم هەنـگاوەش دوای چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ تاهیـر یەحیـا بـوو، چونکـە جـۆرە ئومێدێکیـان لـە لا دروسـت بـوو بـۆ بەردەوامیـدان بـە دانوسـتانەکان (محێدیـن، ٢٠٠٦، ١٥٣). لـە ڕۆژانـی دواتریشـدا بـەردەوام بـوون لـە سـەر گفتوگۆکـردن لەگـەڵ شـاندی عێـراق، دواتـر شـاندی کـوردی ئەنجامەکانـی کۆبوونەوەکانیـان لـە نێـوان خۆیـان تاوتـوێ دەکـرد بـە مەبەسـتی بەردەوامیـدان بـە گفتوگۆیـەکان. جـەلال تاڵەبانـی داوای گفتوگۆکـردن لەگـەڵ سـەرۆکوەزیرانی کـرد، بـەڵام سـەرۆکوەزیران ئامـادەی گفتوگۆکـردن نەبـوو لەگـەڵ شـاندی کـوردی. لـە ٦ی نیسـانی ١٩٦٣دا پێیـان ڕاگەیانـد تـا ١٦ی نیسـان هیـچ کۆبوونەوەیـەک ناکرێـت. تەنهـا دوای دوو کاتژمێـر شـاندی کـوردی لـە ئێزگـەی بەغـدا گوێبیسـتی هەواڵـی گەشـتی سـەرۆکوەزیران بـوو بـۆ قاهیـرە، کـە بڕیـار بـوو لـە ١٧ی نیسـان واژوو لـە سـەر گەڵاڵەنامـەی یەکێتیـی عەرەبـی بکرێـت (محمـد، ٢٠٠٦، ١٠١).

شـاندی کـوردی بـەردەوام بـوون لـە هەوڵەکانیـان تاوەکـوو بتوانـن پڕۆژەکەیـان بگەیەننـە مەبەسـت، هـەر لـە بەغـدا چەنـد جموجۆڵێکیـان ئەنجـام دا، لەوانـە ئاگادارکردنـەوەی مسـتەفا بارزانـی لـە ئەنجامـی گفتوگۆیـەکان، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش جـەلال تاڵەبانـی لـە نامەیەکـی تێروتەسـەلدا هەڵوێسـتی حکومەتـی عێـراق و حزبـە عێراقییـەکان و هەوڵەکانـی شـاندەکەی، بەربەسـتەکانی بـەردەم گفتوگۆیـەکان بـە بارزانـی گەیانـدووە (ئ. د. ئ، AJ-21، نامـەی مـام جـەلال، ٦-٤-١٩٦٦٣). لـە ٨ی نیسـانی ١٩٦٣دا شـاندی کـوردی یاداشـتێکیان ئاڕاسـتەی شـاندی عێراقـی بەشـداربوو لـە کۆبوونەوەکانـی قاهیـرە کـردووە، داواکارییەکانـی شـاندی کوردییـان ڕوون کردووەتـەوە، بیروڕایـان دەربـارەی پرسـی یەکێتیـی عەرەبـی لـە یاداشـتەکەدا خسـتە ڕوو (محێدیـن، ٢٠٠٦، ١٦٦).

دوای ڕێککەوتنـی میسـر و عێـراق و سـووریا لـە سـەر گەلاڵەنامـەی یەکێتیـی ئیتحـادی، لـە ١٧ی نیسـانی ١٩٦٣ جـاڕی یەکێتییەکـە دراوە، شـاندی کـوردی هەڵسـەنگاندنی بـۆ ئاڕاسـتەی گفتوگۆیەکانـی لەگـەڵ شـاندی عێراقـی کـردووە[١٣]. حکومـەت پـڕۆژەی ئۆتۆنۆمیـی ڕەت کـردەوە، لـە بەرامبـەردا پڕۆژەیەکـی ناناوەندێتـی لـە سـەر بنەمـای کارگێـڕی خسـتە بـەردەم شـاندی کـوردی (محەمـەد، ٢٠٠٦، ١٠٣؛ ڕەشـید، ٢٠١٩، ب١، ٢٤٧).

دوای بێهیوابـوون لـە حکومەتـی عێـراق، جـەلال تاڵەبانـی

بـۆ جـاری دووەم سـەردانی میسـڕی کـرد بـە مەبەسـتی گفتوگـۆ لەگـەڵ جەمـال عەبدولنـاسر، بـۆ ئـەوەی ئەنجامـی گفتوگۆیەکانـی لـە کـورد و حکومەتـی عێـراق بـۆی ڕوون بکاتـەوە، بـە ئومێـدی ئـەوەی نـاسر حکومەتـی عێـراق ڕازی بـکات دان بـە ئۆتۆنۆمیـدا بنێـن، ئـەوە بـوو لـە ٢٩ یـان ٣٠ی ئایـاردا توانیـی سـەرۆکی میسـڕ ببینـێ. بەربەسـتەکانی بـەردەم دانوسـتانەکانی کـورد لەگـەڵ بەغـدا پێـی ڕاگەیانـدن مەترسـیی سـەرهەڵدانەوەی شـەڕی لـە لایـەن بەغـداوە پـێ ڕاگەیانـد. جەمـال عەبدولنـاسر دووپاتـی هەڵوێسـتەکانی بەرامبـەر چارەسـەری کێشـەی کـوردی کـردەوە لـە سـەر بنەمـای ئۆتۆنۆمـی، هەروەهـا ناوبـراو بـە تاڵەبانیـی ڕاگەیانـد حکومەتـی عێـراق لـە چارەسـەری کێشـەی کـورددا ڕاسـتگۆ نیـن. مەترسـییەکانی خۆیشـی لـە سـەرهەڵدانەوەی شـەڕ بـە تاڵەبانـی ڕاگەیاندبـوو (ڕەشـید، ٢٠١٩، ب١، ٢٤٧-٢٤٨).

دوای ئـەوەی گفتوگۆیـەکان لەگـەڵ شـاندی حکومـەت گەیشـتنە بنبەسـت، نیـازی حکومەتـی بەغـدا بەدیـار کـەوت کـە نایـەوێ چـارەی کێشـەی کـورد بـکات، لـە هەمـان کاتـدا چاودێـری دەخاتـە سـەر ئەندامانـی شـاندی کـوردی لـە هۆتێلـی سـەمیر ئەمیـس نیشـتەجێ ببـوون. هەندێـک لـە ئەندامانـی شـاندە کوردەکـە هەوڵـی خۆحەشـاردان دەدەن بـۆ ئـەوەی لـە بـەر چـاوی هێـزە ئەمنییـەکان ون بـبن، یەکێـک لـەو کەسـانەی لـە نـاو شـاری بەغـدا حەشـار دابـوو، مافنـاس حەبیـب محەمـەد کەریـم بـووە، دواتـر لـە ڕێـگای ئێـران بـە ناسنامەیەکی ساختە خـۆی گەیانـدەوە کوردسـتان (کەریـم، ١٩٩٨، ٨٦-٨٧). لـە ٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٣دا حکومەتـی عێـراق هەندێـک لـە ئەندامانـی شـاندی کـوردی لـە بەغـداوە بـە فڕۆکەیـەک بـەرەو شـاری کەرکـووک ڕەوانـە کـردەوە، بـەڵام یەکسـەر لـە کەرکـووک دەسـتی بـە گرتنیـان کـرد، کـە مافنـاس مەسـعوود محەمـەد دوای گیرانیـان لـە شـاری بەغـدا چەندیـن جـار لێکۆڵینەوەیـان لەگـەڵ کـراوە، دواتـر سـێ لـە ئەندامانـی شـاندەکە لەوانـە مەسـعوود محەمـەد و بابەکـر پشـدەری و حسـێن خانەقـا لەگـەڵ چەنـد فەرماندەیەکـی سـەربازی نێـردران بـەرەو ڕانیـە بـە مەبەسـتی گفتوگۆکـردن و نێوەندگیـری لەگـەڵ سـەرۆکهۆزە نیشـتەجێبووەکانی ڕانیـە کـە دژی حکومـەت لـە شـەڕدا بـوون، بـەڵام ئـەو گفتوگۆیانـە هیـچ ئەنجامێکـی نەبـوو (محەمـەد، ٢٠١٦، ٢٨٧-٢٩٣؛ العامـري، ٢٠٠٨، ١٩٨-٢٠٣ ).

حکومەتـی عێـراق لـە ١٠ی حوزەیرانـی ١٩٦٣دا، لـە هێرشـێکی سـەربازیی فراوانـدا پەلامـاری کوردسـتانی دایـەوە. جارێکـی تـر شـەڕ هەڵگیرسـایەوە، هێـرش و پەلامـار زۆربـەی ناوچەکانـی کوردسـتانی گرتـەوە، تاوەکـوو پاییـزی ١٩٦٣ بـەردەوام بـوو، زیانێکـی زۆری گیانـی و مـاددی بـە کوردسـتان و کۆمەڵگـەی کـوردی گەیانـد.[١٤].

**ئەنجام**

لـە نووسـینی ئـەم توێژینەوەیـەدا گەیشـتینە ئـەم ئەنجامانـەی خـوارەوە:

١. سـەرەڕای ئەزموونـی ڕێکخراوەیـی و سیاسـی، بەشـێک لـە مافناسـانی کـورد کەوتوونەتـە ژێـر کاریگەریـی جووڵانەوەیەکـی خێڵەکیـی بەرژەوەندیخـواز، بـە ئاشـکرا پشـتگیریی داواکارییەکانـی سـەرۆکخێڵەکانیان کـردووە، جووڵانـەوە خێڵەکییەکـەی باشـووری کوردسـتانیش جیـاوازی و ناکۆکیـی خسـتە نـاو توێـژی مافناسـانی کـورد، دابەشـی کـردن بـۆ بـەرەی مافناسـانی پێشـکەوتنخواز و بـەرەی مافناسـانی لایەنگـری بەرژەوەندیخـواز و خـاوەن زەوییـەکان.

٢. مافناسـانی کـورد ڕۆڵـی دیـار و بەرچاویـان هەبـووە لـە هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە مـاوەی (١٩٦١-١٩٦٣)، بەشـێکیان سـەرکردایەتیی شۆڕشـیان لـە بـەرەی سـۆران کـردووە، دەسـتێکی باڵایـان هەبـووە لـە دامەزرانـدن و ڕێکخسـتنی هێزەکانـی پێشـمەرگە، بـەڵام لـە بـەرەی بادینـان مافناسـانی کـورد هیـچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکـی ئەوتۆیـان نەبـووە، ئەمـەش بـۆ هـۆکاری پێکهاتـە کۆمەڵایەتـی و بارودۆخـی ناوخـۆی پارتـی دەگەڕێتـەوە.

٣. مافناسـانی کـورد لـە ڕێـگای خەباتـی سیاسـییان هەوڵـی زۆریـان داوە مافـی گەلـی کـورد بخەنـە چوارچێوەیەکـی یاسـایی و بتوانـن لـە ڕووی یاسـاوە ئارامـی و ئاسـایش بـۆ باشـووری کوردسـتان دەسـتەبەر بکـەن، بـەڵام بـە کۆمەڵێـک هـۆکاری بابەتـی و خـودی بـەم ئامانجـە نەگەیشـتوون و هەوڵەکانیـان بـێ ئـاکام بـووە.

٤. هاوشـانی بەشـێک لـە سـەرکردەکانی دیکـەی شـۆڕش،

مافناسـانی کـورد لـە لایەنـی دیپلۆماسـی و پەیوەندییـە هەرێمایەتـی و دەرەکییەکانـدا کەسـانی شـارەزا بـوون، هەوڵەکانیـان چـڕ کردووەتـەوە بـۆ دەسـتەبەرکردنی هاوکاریـی وڵاتانـی دەرەوە بـۆ شـۆڕش و بزووتنـەوە چەکدارییەکـەی.

٥. گفتوگـۆ و دانوسـتانەکانی سـاڵی ١٩٦٣، پەیوەندیکـردن و دیپلۆماسـیەتی کـوردی و بەشـداریکردنی چاوپێکەوتنـی ڕێبەرێکـی وەکـوو جەمـال عەبدولنـاسر تەکانێکـی دا بـە پرسـی کـوردی ڕووەو ئاڕاسـتەی بـە ڕەوا زانینـی دۆزەکـەی لـە ئاسـتی دەرەکیـدا.

**پەراوێزەکان:**

[١] لـە سـاڵی ١٩٢٤ لـە شـاری کۆیـە لەدایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە کۆیـە و ناوەنـدی و ئامادەیـی لـە سـلێمانی و کەرکـووک تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٤٧دا لـە کۆلێـژی مافـی بەغـدا وەرگیـراوە، لـە سـاڵی ١٩٤٨ بەشـداریی خۆپیشـاندانەکانی وەسـبەی کانوونـی ١٩٤٨ دەکات، بـەم هۆیـەوە زیندانـی دەکرێـت. لـە سـاڵی ١٩٥٢دا خوێندنـی کولێـژی مـاف تـەواو دەکات، هـەر لـە هەمـان سـاڵدا لـە کۆنگـرەی دووەمـی پارتـی دەبێتـە ئەندامـی کۆمیتـەی نـاوەوەی ئـەو پارتـە. سـاڵی ١٩٧١ دەبێتـە ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی و بـەردەوام بـووە لـە کارەکـەی. لـە سـاڵی ١٩٩٢دا کۆچـی دوایـی کـردووە. بـۆ زیاتـر زانیـاری لـە بـارەی وێسـتگە گرنگەکانـی ژیانـی عومـەر دەبابـە، بگەڕێـوە بـۆ: (نامیلکـەی یـادت بەخێـر کاکـی کاکان، ٢٠٠٢، سـلێمانی، ٢٣-٣٠).

[٢] مەسـعوود کـوڕی مـەلا محەمـەدی جەلیزادەیـە، سـاڵی ١٩١٩ لـە شـاری کۆیـە لەدایـک بـووە، لـە ساڵی ١٩٢٦ دەچێتـە قوتابخانـە، ساڵی ١٩٤٠ قۆناغـی ناوەنـدی و ئامادەیـی لـە شـاری هەولێـر تـەواو دەکات، سـاڵی ١٩٤٥ کۆلێـژی مـاف لـە بەغـداد تـەواو دەکات و دەبێتـە پارێـزەر، سـاڵی (١٩٥٣-١٩٥٤) بـە نوێنەرایەتیـی خەڵکـی کۆیـە دەبێتـە ئەندامـی ئەنجوومەنـی نوێنـەران. لـە دوای شۆڕشـی ١٤ی تەمـمـووزی ١٩٥٨، ئەندامـی لیژنـەی نووسـینەوەی یاسـای چاکسـازیی کشـتوکاڵی دەبێـت. لـە ١ی نیسـانی ٢٠٠٢ کۆچـی دوایـی کـردووە. بـۆ زیاتـر زانیـاری لـە سـەر ژیاننامـەی، بگەڕێـوە بـۆ (محەمـەد، ٢٠١٦).

[٣] بـۆ زیاتـر زانیـاری دەربـارەی جووڵانـەوە خێڵەکییەکـەی ناوچەکانـی سـلێمانی و پشـدەر و ڕانیـە، بگەڕێـوە بـۆ: (پشـدەری، ٢٠٠٧، ١٣- ١٦).

[٤] شەمسـەدین موفتـی: لـە سـاڵی ١٩٢٣ لـە شـاری هەولێـر لەدایـک بـووە، خوێندنـی ناوەنـدی و دواناوەنـدی لـە هەولێـر تـەواو دەکات، دەرچـووی کۆلێـژی مافـی بەغدایـە لـە سـاڵی ١٩٥٧. یەکێـک لـە سـەرکردەکانی پارتـی بـووە، لـە سـاڵی ١٩٦١ بووەتـە پێشـمەرگە. لـە سـاڵی ٢٠١٢ لـە وڵاتـی هۆڵەنـدە کۆچـی دوایـی کـردووە. (موفتـی، ٢٠١٢، ١٤-١٥).

[٥] بـۆ زیاتـر زانیـاری لـە هۆکارەکانـی تێکچوونـی پەیوەندیـی نێـوان پارتـی و عەبدولکەریـم قاسـم، بگەڕێـوە بـۆ: (الخرسـان، ٢٠٠١، ٩٠- ٩٣؛ بارزانـی، ١٩٩٨، ٩١-٩٣).

[٦] بـۆ زیاتـر زانیـاری دەربـارەی ئـەو ڕێوشـوێنانەی حکومەتـی عێـراق بەرامبـەر کـورد و پارتی گرتیـە بـەر: (عمـر، ٢٠٠٤، ١٤٤-١٤٦؛ شـازین هێـرش، ٢٠٠٣، ٩).

[٧] هـەر چەنـدە مەسـعوود بارزانـی ڕێکەوتـی بەسـتانی کۆبوونـەوەی عـەوداڵان بـۆ مانگـی شـوباتی ١٩٦٢ دەگێڕێتـەوە (بارزانـی، ٢٠٠٤، ب٣، ٨٨)، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هەریـەک لـە جـەلال تاڵەبانـی و ئیبراهیـم ئەحمـەد کارەکتـەری سـەرەکیی ئـەو کۆبوونەوەیـە بـوون و لـە چاوپێکەوتـن و بیرەوەرییەکانـی خۆشـیان ئاماژەیـان بـە ڕۆژ و ڕێکەوتـی کۆبوونـەوەی عـەوداڵان داوە، بـە کۆتایـی مانگـی کانوونـی یەکەمـی ١٩٦١ دانـاوە، ئـەو ڕۆژەی ئـەوان ئاماژەیـان بـۆ کـردووە نزیکـتر بێـت لـە ڕاسـتییەوە. (بڕوانـە: ڕەشـید، ٢٠١٩، ب١، ١٨٣-١٨٤؛ عەزیـز، ١٩٩٥، ٣٢).

[٨] هەمـوو ئـەو کەسـانەی واژۆیـان لـە سـەر بەیاننامەکـە کـردووە، کەسـایەتیی نـاسراوی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی بـوون، گرنگترینیـان هەریەکـە لـە مافناسـانی کـورد موکـەڕەم تاڵەبانـی و عەونـی یوسـف بـوون، لەگـەڵ چەندیـن کەسـایەتیی عێراقـی لـە هـەردوو نەتـەوەی کـورد و عـەرەب (الربیعـي، ٢٠١٨، ١٨٣).

[٩] بـۆ زیاتـر زانیـاری دەربـارەی ئـەو هەڵمەتـە سـەربازییانەی هێزەکانـی پێشـمەرگە کـە جـەلال تاڵەبانـی سەرپەرشـتیی کـردوون لـە ناوچەکانـی سـلێمانی و شـارباژێڕ و پێنجوێـن، بگەڕێـوە بـۆ: (پشـدەری، ٢٠٠٧، ٨٤-١٠٠).

[١٠] بـۆ زیاتـر زانیـاری دەربـارەی چۆنیەتیـی ئامادەکاری و ڕووداوەکانـی ڕۆژانـی کۆنگـرەی کۆیـە لـە ئـازاری ١٩٦٣، بگەڕێـوە بـۆ: (عەونـی، ٢٠١٩، ٢٥-٤١).

[١١] لـە پەراوێـزی کۆنگـرەی کۆیـە لـە ١٩ی ئـازاری ١٩٦٣دا، هەریەکـە لـە مسـتەفا بارزانـی، مافناسـان ئیبراهیـم ئەحمـەد و جـەلال تاڵەبانـی و نـووری شـاوەیس، پێشـوازییان لـە شـاندێکی تورکمانـی کەرکـووک کـردووە. لـە کۆبوونەوەکـەدا لـە بـارەی کۆمەڵێـک پرسـی تایبـەت بـە تورکمانەکانـەوە دوان و جەخـت لـە برایەتـی و پێکەوەژیانـی نێـوان هـەردوو پێکهاتـەی کـورد و تورکـمان کراوەتـەوە و لـە سـەر کۆمەڵێـک خـاڵ گفتوگـۆ لـە نێـوان هـەردوو شـاندا کـراوە (البوتـاني، ٢٠٠١، ٢٣٤-٢٣٥).

[١٢] لـە سـاڵی ١٩٢٤دا لـە شـاری سـلێمانی لەدایـک بـووە، لـە سـاڵی

١٩٤٤ دەچێتــە نــاو حزبــی هیــوا، دەرچــووی کۆلێــژی مافــی بەغدایــە لــە ســاڵی ١٩٤٧، کاری پارێزەرایەتیــی نەکــردووە، بــە کاری بازرگانییــەوە ســەرقاڵ بــووە. لــە ســاڵی ١٩٤٧دا واز لــە کاری سیاســی و پارتایەتــی دەهێنێــت، بــەڵام پەیوەندیــی باشــی لەگــەڵ سیاســییەکان هەبــووە. لــە ســاڵی (١٩٤٨-١٩٤٩) بەرپرســی پــەڕەی ئابووریــی گۆڤــاری نــزار بــووە (محمــد، ٢٠٠٦، ٩١).

(١٣) لە ٢٤ی نیسانی ١٩٦٣دا پــرۆژەی ئۆتۆنۆمیــی بڕیارلێــدراوی کۆنگرەی کۆیــەی خســتە بــەردەم حکومــەت. بــۆ بینینــی پــرۆژەی ئۆتۆنۆمیــی کــورد، بڕوانــە: (محمــد، ٢٠٠٦، ١٠٢-١٠٣).

(١٤) بــۆ زانیاریــی زیاتــر لــە بــارەی بەرەکانــی شــەڕ، بڕوانــە: (بارزانــی، ٢٠٠٤، ب٣، ١٢٠-١٥١).

## سەرچاوەکان

### بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان


١. (ئ. د. ئ فایلــی ژمــارە Aj-21، نامــەی جــەلال تاڵەبانــی بــۆ مــەلا مســتەفا بارزانــی، ٦/٤/ ١٩٦٣)، لــە ئەرشــیفی ئینســکلۆپیدیای پارتــی دیموکراتــی کوردســتان،

٢. کتێبە بەڵگەنامەییەکان

٣. بە زمانی کوردی

٤. ســاڵح، ســدیق و ســاڵح ڕەفیــق (٢٠٢١)، لــە بەڵگەنامەکانــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتاندا، بنکــەی ژیــن، ســەنتەری بێشــکچی بــۆ ڤەکۆڵنێــن مرۆڤایەتــی، دهــۆک.

٥. هێــرش، شــازین (٢٠٠١)، شــۆڕشــی ئەیلــوول لــە چەنــد بەڵگەنامەیەکــی مێژوویــدا (١٩٦١-١٩٦٣)، چاپخانــە و ئۆفیســی ڕەنــج، ســلێمانی.

٦. هێــرش، شــازین (٢٠٠٣)، بەڵگەنامــە، پارتــی دیموکراتــی کوردســتانی-عێراق، چ: ژیــر، ســلێمانی.

٧. زمانی عەرەبی

٨. عبدالفتــاح عــلي يحيــى البوتــاني (٢٠٠١)، وثائــق عــن الحركــة القوميــة الكرديــة التحرريــة، مؤسســة موكريــاني للطباعــة والنــشر، مطبعــة وزارة التربيــة، أربيــل.

٩. بیرەوەری و یاداشت:

١٠. بە زمانی کوردی

١١. نوورەدیــن، بــوار (٢٠٢١)، بەشــێکی بیرەوەرییەکانــی ئیبراهیــم ئەحمــەد، چاپخانەکانــی تــاران، ئێــران.

١٢. بۆتانــی، کاکەمــەم (١٩٩٨)، کاکــی کاکان مــرۆڤ و ڕووناکبیــر و شۆڕشــگێڕ، ب١، چاپخانــەی وەزارەتــی ڕۆشــنبیری، هەولێــر.

١٣. پشــدەری، عەبــدوڵا ئەحمــەد ڕەســووڵ (٢٠٠٧)، شۆڕشــی ئەیلوولــی ســاڵی ١٩٦١ دژی ڕژێمــی قاســم، چ٢، چاپخانــەی شــەهید ئــازاد هەورامــی، کەرکــوک.

١٤. ڕەشــید، ســەڵاح (٢٠١٩)، مــام جــەلال دیــداری تەمــەن، ب١، ناوەنــدی ڕۆشــنبیریی ئەدیبــان، ســلێمانی.

١٥. سلێمان، عەریــف (١٩٩٩)، لــە دەنکــەوە بــۆ گوڵەگەنمــەکان، ب١، پێداچوونــەوەی مــەلا یــادگار، چاپخانــەی ئاسا، بــێ شــوێنی چــاپ.

١٦. عــارف، فــواد (٢٠٢١)، یاداشــتەکانی، و: مســتەفا ســەعید عەلــی، چ: چوارچــرا، ســلێمانی.

١٧. عەزیــز، حســێن محەمــەد (٢٠١٨)، گــەڵا وەریوەکانــی درەختــی تەمەنــم یــاد و بیــرەوەری (١٩٥٠-١٩٧١)، ب١، ســلێمانی.

١٨. عەونــی، فەرهــاد (٢٠١٦)، ڕۆژگارم ئــاوا تێپــەڕی، ب١، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر.

١٩. فەیــاز، مەعــد (٢٠٠٩)، بەشــێک لــە بیرەوەرییەکانــی مــام جــەلال، و: ســۆران عەلــی، کەرکــووک.

٢٠. محەمــەد، مەســعوود (٢٠١٦)، گەشــتی ژیانــم، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر.

٢١. زمانی عەرەبی

٢٢. القيــسي، ســيف عدنــان (٢٠٢٣)، مكــرم الطالبــاني الحيــاة لا تجــري دومــا حفيفــة ناعمــة، دار ســطور

٢٣. للنشر والوزيع، بغداد.

٢٤. كريــم، حبيــب محمــد (١٩٩٨)، تأريــخ الحــزب الديمقراطــي الكوردســتاني-العراق (في محطــات رئيســية) (١٩٤٦-١٩٩٣)، مطبعــة خەبــات، دهــوك.

٢٥. کتێبە کوردییەکان

٢٦. ئەحمــەد، ئامانــج حەســەن (٢٠٠٩)، برایــم ئەحمــەد ڕۆڵــی لــە بزاڤــی ڕزگاریخــوازی و ڕووناکبیریــی گەلــی کــورددا، چ: ڕەنــج، ســلێمانی.

٢٧. ئەمیــن، نەوشــیروان مســتەفا (١٩٩٧)، پەنجــەکان یەکــتری ئەشــکێنن (دیــوی نــاوەوەی ڕووداوەکانــی کوردســتانی عێــراق ١٩٧٩-١٩٨٣)، بەرلیــن، ئەڵمانیــا.

٢٨. بارزانــی، مەســعوود (١٩٩٨)، بارزانی و بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازی کــورد (١٩٥٨-١٩٦١)، ب٢، و: ســەعید نــاکام، چ: خەبــات، دهــۆک.

٢٩. بارزانــی، مەســعوود (٢٠٠٤)، شــۆڕشــی ئەیلــوول (١٩٦١-١٩٧٥)، ب٣ (بەشــی١)، چاپخانــەی وەزارەتــی پــەروەردە، هەولێــر.

٣٠. جــەلال، ئیبراهیــم (٢٠٢١)، باشــووری کوردســتان و شــۆڕشــی ئەیلــوول بنیاتنــان و هەڵتەکانــدن (١٩٦١-١٩٧٥)، چ٤، (بــێ شــوێنی چــاپ).

٣١. خۆشــناو، شــوان محەمــەد ئەمیــن تەهــا (٢٠١٢)، هەولێــر لــە

نێــوان ســاڵانی (١٩٥٨-١٩٦٣) لێکۆڵینەوەیەکــە لــە بارودۆخــی سیاســی، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر.
٣٢. شــمیدت، دانــا آدمــز ( ٢٠٠٨)، ســەفەرێک بــۆ نــاو پیــاوە ئــازاکان لــە کوردســتان، و: ئەبوبەکــر ســاڵح ئیســماعیل، چاپخانــەی "خانــی"، دهــۆک.
٣٣. عومــەر، ڕێبــاز دلاوەر (٢٠٢١)، پێگــەی باڵەکایەتــی لــە شۆڕشــی ئەیلوولــدا (١٩٦١-١٩٧٥)، دەســتەی ئینســکلۆپیدیای پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، دهــۆک.
٣٤. عەزیــز، حســێن محەمــەد (١٩٩٥)، پێنــج کاتژمێــر لەگــەڵ برایــم ئەحمــەددا، چ١، چاپخانــەی بــاران، بــێ شــوێنی چــاپ.
٣٥. عەونــی، فەرهــاد (٢٠١٩)، لەگــەڵ ڕووداوەکان، چاپخانــەی زانکــۆی ســەڵاحەدین، هەولێر.
٣٦. محێدیــن، واحــد عومــەر (٢٠٠٦)، دانوســتانەکانی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی نەتەوەیــی کــورد و حکومەتەکانــی عێــراق (١٩٢١-١٩٦٨)، ســەنتەری لێکۆڵینــەوەی ســتراتیژی کوردســتان، ســلێمانی.
٣٧. مەجیــد، هــەوراز جەوهــەر (٢٠١٢)، شــاری ســلێمانی (١٤ی تەممــووزی ١٩٥٨-١٧ی تەممــووزی ١٩٦٨)، لێکۆڵینەوەیــەک لــە بارودۆخــیسیاســیوڕۆشــنبیری،چاپخانــەیڕۆژهــەڵات،هەولێــر.
٣٨. نەبــەز، جەمــال (٢٠٠٧)، کوردســتان و شۆڕشــەکەی، کــوردۆ لــە ئەڵمانییــەوە کردوویــە بــە کــوردی، چ٣، هەولێــر.
٣٩. شــەریف، هیــوا حەمیــد (٢٠١٧) ڕۆڵ و هەڵوێســتی سیاســیی مەســعوود محەمــەد (١٩٤٦-١٩٦٥)، پرۆســیدینگی دووەمیــن کۆنفرانســی زانکــۆی کۆیــە، ١-٢ی نیســانی ٢٠١٧: (یــادی پــازدە ســاڵەی کۆچیدوایــی ئەدیــب و فەیلەســووف و بیرمەنــدی کــورد مەسعوود محەمــەد)، ب١، زانکــۆی کۆیــە، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر.
٤٠. یــادت بەخێــر کاکــی کاکان (٢٠٠٢)، دەیەمیــن ســاڵیادی عومــەر دەبابــەی هەمیشــە زینــدوو، ئامادەکردنــی بنەماڵەکــەی، ســلێمانی.
٤١. کتێبە عەرەبییەکان:
٤٢. بــادي، میڤــان عــارف (٢٠٠٥)، الحركــة القوميــة التحرريــة في كوردســتان العــراق ١٩٥٨- ١٩٦٣، دار ســپيرێز (ســبيريز) للطباعــة والنــشر، دهــوک.
٤٣. جــواد، ســعد ناجــي (١٩٩٠)، العــراق والمســألة الكرديــة ١٩٥٨-١٩٧٠، لنــدن.
٤٤. الخرسـان، صـلاح (٢٠٠١)، التيـارات السياسـية في كردسـتان العـراق، ١٩٤٦-٢٠٠١، مؤسسـة البـلاغ للطباعـة والنـشر، بيـروت.
٤٥. الربيعــي، أحمــد عــلي ســبع (٢٠١٨)، مكــرم الطالبــاني و دوره السـياسي والفكـري في العـراق (١٩٢٣-١٩٧٩)، دار الشـؤون الثقافـة العامــة، وزارة الثقافــة، بغــداد.
٤٦. شــيرزاد زكريــا محمــد (٢٠٠٦)، الحركــة القوميــة الكورديــة في كوردســتان العــراق، دار ســپيرێز للطباعــة والنــشر، دهــوک.
٤٧. العامـري، راهـي مزهـر (٢٠٠٨)، مسـعود محمـد ودوره السـياسي في العـراق ١٩١٩-١٩٦٨، دار الحـوراء، بغداد.
٤٨. عمـر، شـيركو فتـح اللـه (٢٠٠٤)، الحـزب الديمقرطـي الكوردسـتاني و حركــة التحــرر القومــي الكورديــة في العــراق ١٩٤٦-١٩٧٥، الســليمانية.
٤٩. كاوس قفطــان (٢٠٠٤)، الحركــة القوميــة التحرريــة الكرديــة في كردســتان العــراق ١٩٥٨-١٩٦٤، وزارة الثقافــة - المديريــة العامــة للطباعــة والنــشر، ســليمانية.
٥٠. مكــرم طالبــاني (٢٠١١)، مراحــل تطورالحركــة القوميــة الكرديــة، المجلـد ٢، مراجعـة: عثـمان محمـد هورامـي، منشـورات مؤسسـة حمـدي للطباعـة والنـشر، السـليمانية.
٥١. چاوپێکەوتن
٥٢. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز کەمــال محێددیــن ٢٠ ئــازار ٢٠٢٣ لــە هەولێــر.
٥٣. ڕۆژنامەکان
٥٤. جريدة الوقائع العراقية، العدد ٤٤، ٣٠ ايلول ١٩٥٨.

**ملخص**

ان الدراسـة حـول المواقـف السياسـية للحقوقيـين الكـورد بخصـوص ثـورة الكـورد في أيلـول سـنة -١٩٦١ 1963 لهـا أهميـة سياسـة كبـيرة أثنـاء انـدلاع الثـورة، لـذا مـن الـضروري إبـراز دورهـم الفعـال في هـذه الدراسـة وتحليلـه.

وتكمـن أهميـة هـذه الدراسـة في أنَّهـا تبـيّن دور فيئـة واعيـة في المجتمـع الكـوردي في جنـوب الكوردسـتان تجـاه الثـورة الا وهـي الحقوقيـون؛ لأنّ هـذه الفئـة لهـا دور بـارز في الأحـداث السياسـية اثنـاء الثـورة الكرديـة، إذ تقـوم الدراسـة بإبـراز دورهـم ومواقفهـم الفعّـال إزاء جميـع القضايـا السياسـية وتحليلهـا.

وَقَـدْ اقْتَضَـت طبيعـة الدراسـة أَنْ يكـونَ المنهـج المتّبـع هُـوَ الْمنهـج كرنولوجـي التَّحْلِيـليّ، إِذ تَقُـومُ الدِّرَاسَـةُ بِوَصْـف الأحـداث التاريخيـة وتسـجيلها بشـكل علمـي وفـق تسلسـل الزمنـي لتلـك الأحـداث وذلـك بالاعتـماد عـلى المصـادر والمراجـع التاريخيـة المعتمـدة، وتحـاول الدراسـة إبـراز دور السـياسي للحقوقيـين الكـورد أثنـاء الثـورة سـنة (١٩٦١-١٩٦٣م).

**الكلمات المفتاحية** : الحقوقيون، انتفاضة القبائل الكوردية، مصطفى البارزاني، ثورة جنوب الكوردســــــتان، جمهورية العراق.

## Abstract

Research about the role and attitude of Kurdish jurists in the outbreak of the Kurdish revolution in September 1963-1961 is important. The role and attitude of lawyers need to be presented during the start of the revolution. The importance of this research is to highlight the reaction of an important conscious section of Kurdish society in South Kurdistan, including lawyers, to the revolution and their continuous efforts towards the political developments in Kurdistan. Their role and influence in all events of the revolution should be discussed and investigated.

This research uses analytical and chronological methods, using information from sources, evaluating and analyzing events according to historical chronology, and recording events based on historical scientific methods. The role and position of Kurdish jurists in Kurdistan's political developments between 1963-1961 is presented.

Keywords (lawyers, tribal uprising, Mustafa Barzani, South Kurdistan revolution, republic Iraq)